# چەمکە بنەڕەتییەکانی تیۆریی جۆن ڕاوڵز بۆ دادپەروەری و دەرەنجامەکانی

## جێبەجێکردنیان لە نووسینەوەی دەستووری هەرێمی کوردستان

**تحسين حمه سعيد شمس الدين**[١]

[١] بەشی یاسا، کۆلێژی یاسا و ڕامیاری، زانکۆی پەرەپێدانی مرۆیی، هەرێمی کوردستان، عێراق

پوختە:

ئەگەر هەمو دەستورێک بۆ ئەوەی مانەوە و شیاویی خۆی بسەلمێنێت، پێویست بێت تیۆرییەکی دادپەروەری وەک پێشگریمانە بچەسپێنێت، ئەوا لەسەردەمی نوێدا هیچ تیۆرییەک هێندەی تیۆریای جۆن ڕاوڵز بۆ دادپەروەری بەناوبانگ نین. بابەتی سەرەکی ئەو تیۆرییە دادپەروەریە لە ناو دەزگا گشتییەکاندا، بۆیە جێبەجێکردنی ئەو تیۆرییە بەسەر پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستاندا گونجاوە، تیۆریای جۆن ڕاوڵز بۆ دادپەروەری بونیادێکی سەرەکیی هەیە، کە خۆی لە پێنج چەمکی بنەڕەتیدا دەبینێتەوە، کە بریتین لە گرێبەست و پەردەی غافڵانە و دووبنەماکەی دادپەروەری: بنەمای یەکسانی لە ئازادییە بنەڕەتییەکان و بنەمای نایەکسانیی ناچار کە دەبێت بە قازانجی بێبەشەکان بشکێتەوە و چەمکی ماقوڵبون کە کۆکەرەوەی عەقڵ و ڕەوشتە. بە هەبونی کۆی ئەو پێنج چەمکە لە هەر دەزگایەکی گشتیدا مانای دادپەروەربوونی ئەو دەزگایەیە. هەربۆیە جێبەجێبونی ئەو تیۆرییە بەسەر پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستاندا بوونی ئەو چەمکانەیە لەناو ڕێسا و ماددەکانی پرۆژەکەدا. کاتێک لەم توێژینەوەیەدا کارێکی لەو شێوەیە ئەنجامدرا دەرکەوت هەندێک لە ماددەکانی ئەو پرۆژەیە پیشاندەری بوونی ئەو چەمکە بنەڕەتیانەن، ئەمە لەکاتێکدا ژمارەیەکی زۆری ماددەکانی پیشاندەری نەهاتنەدی جێکەوتی ئەو چەمکانەن، ئەمەش مانای ناعادیلانە بوونی ئەو ماددانەو لە ئەنجامدا ناعادیلانە بوونی پرۆژەکەن. بۆیە دەبێت پرۆژەکە هەمواربکرێتەوە پێش ئەوەی بخرێتەبەر ڕاپرسی گشتی هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان، ئەگەر بمانەوێت دەستورێکی پێشکەوتوو و دادپەروەرمان بێت.

**مفاتيح الكلمات:** تیۆریی جۆن ڕاوڵز، دادپەروەری، دەستوور، پەردەی غافڵانە، هەرێمی کوردستان

### 1. پێشەکی:

هەندێک لە فەیلەسوفەکان بۆ ئەوە ڕۆشتون کە یەکێک لە سەرەکیترین ئەو هۆکارانەی کە هەندێک لە وڵاتان دەستورێکی جێگیریان نییە، بریتییە لەوەی کە تیۆریاییەکی ڕون و کۆدەنگ لەسەر هەبوو لە نێو تاک و دەستەبژێرەکانی ئەو وڵاتەدا دەربارەی دادپەروەری بوونی نییە، کە ببێتە پێوەر و لەکاتی نوسینی بڕگەو ماددەکانی دەستووردا بۆی بگەڕێنەوە. دەرەنجامی ئەمەش نەوەک هەر دەستوری هەمیشەیی و جێگیریان نابێت، بەڵکو وڵات دەبێتە لانەی کودەتا یەکلە دوایەکەکان و شۆڕشی بەردەوام. دووبارە شۆڕشەکانیش بەردەوام بێدەرەنجام دەبن، چونکە جارێکی دی دوای سەرکەوتنی شۆڕش تیۆریای کۆدەنگ لەسەرهەبوو پێویستە بۆ ئەوەی سەرکەوتنەکە لەناو کۆمەڵگەدا جێگیربکرێت و ببێتە مامەڵەیەکی عەقڵانیی جێگیر. چونکە شۆڕش بێ ئەم مامەڵە عەقڵانییە جێگیرە تەنها گەرموگوڕی کەفوکوڵی سۆزاوییە و دوای سەرکەوتن دادەمرکێتەوە و سارد دەبێتەوە. واتە گەل لەکاتی شۆڕشدا دەزانێت چی ناوێت، بەڵام دوای سەرکەوتنی شۆڕش بەبێ بونی تیۆرییەک دەربارەی دادپەروەری نازانێت چی دەوێت.

ئەم بابەتە لە دۆخی هەنوکەی ئێمەی کورددا بە تەواوەتی دیارە، کە ئێمە بەردەوام لەشۆڕشەکانماندا داگیرکەرە یەکلەدوایەکەکانی کوردمان ڕەتکردنەوە و دەمانزانی چیمان ناوێت، بەڵام دوای سەرکەوتنی شۆڕشەکانمان هەم لەبەر نەبوونی دەستوور لە هەرێمەکەماندا و هەمیش لەوە قوڵتر، لەبەر نەبونی تیۆرییەک دەربارەی دادپەروەری کە کۆدەنگیمان لەسەری هەبێت، لەسەر بنەمای ئەو تیۆرییە وڵاتەکەمان بەڕێوەبەرین، چەند ساڵە دۆخی دەستوری و سیاسیمان بێجگە لە لایەنە نێودەوڵەتیەکە لە لایەنی ناوخۆشدا بە ناڕوونی ماوەتەوە. هەنوکە کە بابەتی نووسینەوەی دەستوری هەرێمی کوردستانیش هاتووەتە پێشێ پێویستمان بە تیۆرییەکی دادپەروەرە بیکەینە پێوەر.

دووەمین کۆنفرانسی زانستی نێودەوڵەتیی بەشی قانون، فاکەڵتیی زانستی مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان،
زانکۆی کۆیە لە ژێر ناونیشان: بەرەو دەستوورێکی هاوچەرخ بۆ کوردستان – عێراق © ٢٠١٩
27-28 تشرینی دووەم 2019
ئیمەیلی تۆژەری یەکەم: tahsin.hamagharib@uhd.ed.iq
مافی لەبەرگکردنەوە و بڵاوکردنەوە © 2019 ناوی تۆژەران: م. تحسين حمه سعيد شمس الدين

Original Article | http://dx.doi.org/10.14500/tmc2019.Gen208

لەوانەیە تیۆریای جۆن راوڵزیش دەربارەی دادپەروەری یەکێک لەو تیۆریا گونجاوانە بێت کە بۆئەوەی بیکەینە بنەما و بۆی بگەڕێینەوە لەکاتی نووسینەوەی دەستوور و پێداچوونەوەی رەشنوسەکەیدا، لەبەرئەوەی بەناوبانگترین تیۆریای دادپەروەرییە لە سەدەی بیست و بیست و یەکدا، خاوەنەکەی زێتر لە نیو سەدە و زێتر لە سەد هەزار لاپەڕەی دەربارەی دادپەروەری نوسیوە. بەوە ئەو تیۆرییە هاتۆتە بەرهەم و زێتر لە چل وڵاتیش کردویانەتە بنەمای سیستەمی حوکمرانی خۆیان.

هەمو تیۆرییەکیش لە هەرکایەیەکی زانستیدا، لە کۆمەڵێک چەمکی بنەڕەتی پێکهاتووە، دۆزینەوە و پاشان بەکارهێنانی ئەو چەمکانە دۆزینەوە و بەکارهێنانی تیۆریاکەیە. کەواتە چەمکە بنەڕەتیەکانی تیۆریای جۆن راوڵز بۆ دادپەروەری چین کە تیۆریاکەیان پێکهێناوە؟، ئایا دەشێت ئەو چەمکانە کۆدەنگییان لەسەر دروست بێت و بە رای گشتی بناسرێن و بەسەر رەشنووسی هەرێم و لەکاتی نوسینەوەی دەستوردا جێبەجێبکرێن؟

وەڵامی ئەو پرسیارانەی سەرەوە گرفتی ئەم لێکۆڵینەوەیە پێکدەهێنن.

گرینگی لێکۆڵینەوەکەش لەوەدایە کە دەستوری هەرێمی کوردستان گرنگترین یاسای هەرێمی کوردستان و سەرچاوەی هەمو یاساکانی دیکە و مایەی جێگیری و پێشکەوتنی نیشتمانە. بۆیە هەر کارێک بۆ ئەوەی بە باشترین شێوە بەرهەم بێت خزمەتی ئەم گەل و نیشتمانەیە. بەتایبەت لێکۆڵینەوە دەربارەی تیۆرییەکی دادپەروەری کە بێتە پێوەر و پشتیوانی بۆتێپەڕاندنی ئەو دۆخەی کە ئێستا هەرێمی کوردستانی تێدایە لە دەرەنجامی نەبوونی دەستورێکی گونجاو و هەمیشەییدا!.

گریمانەی لێکۆڵینەوەکەش بریتییە لەوەی کە رەچاوکردنی چەمکە بنەڕەتیەکانی تیۆریای جۆن راوڵزبۆ دادپەروەری لە نووسینەوەی دەستوری هەرێمی کوردستاندا جێکەوتی ئەرێنی گەورەی دەبێت لە سەرکەوتنی پرۆسەی نووسینەوەکە و هەمیشەیی بوونی ئەو دەستوورەو بینینی رۆڵی دەستورنانەی خۆی وەک سەرچاوەیەک بۆ یاسا ئاساییەکان و پێشکەوتنی هەرێمی کوردستان.

سەبارەت بە پێشینەی توێژینەوە لە بابەتی لێکۆڵینەوەکەدا ئەوا لە بەر نوێبوونی بابەتەکە، لە زمانی کوردیدا بابەتی لەو جۆرە بوونی نییە. لەبەر کەمی تەمەن یاخود نەبوونی دیموکراسی لەدەوڵەتەکانی ناوچەکەشدا بە زمانەکانی وڵاتانی دەوروبەریش لەم جۆرە لێکۆڵینەوانە کەمتر بوونیان هەیە ئەگەرچی بە زمانە جیهانییە بەکاربراوە بەرفراوانەکانی وەک زمانی ئینگیلزی لەو جۆرە بابەتانە زۆر و زەبەندەن.

سەبارەت بە میتۆدی لێکۆڵینەوەکەش میتۆدی وەسفیی شیکاری تەواوکراو بە میتۆدی عەقڵی تایبەت بە لێکۆڵینەوە دەربارەی تیۆرییەکی وەک تیۆریای جۆن راوڵز بۆ دادپەروەریە.

بۆ ئەوەش لێکۆڵینەوەکە بتوانێت بە کاری خۆی هەڵبسێت، پلانەکەی وا دارێژراوە کە لە دوو باسی سەرەکی پێکدێت و هەر باسێکیش بۆ چەند مەبەستێک دابەش بووە: باسی یەکەم تایبەتە بە چەمکە سەرەکیەکانی تیۆریای جۆن راوڵز بۆدادپەروەری و باسی دووەمیش بۆ جێبەجێکردنی تیۆریاکە بەسەر نووسینەوەی دەستوری هەرێمی کوردستاندا تەرخانکراوە.

لە کۆتاییشدا پاشمەندێک هاتووە کە تێیدا گرنگترین ئەو ئەنجامانەی گیراون هێنراون و پێشنیازەکانیش خراونەتەڕوو، بێ ئەوەی جێگەی بابەتەکانی لێکۆڵینەوەکە بە درێژی بگرێتەوە.

**باسی یەکەم**

**تیۆریای جۆن راوڵز دەربارەی دادپەروەری**

لەبەر ئەوەی بە زمانەکانی ناوچەکە، لەوانەش زمانی کوردی، زۆر کەم کار لە سەر تیۆریای جۆن راوڵز دەربارەی دادپەروەری کراوە بۆیە پێویستە باسێک تایبەت بکەین بە تیۆریای جۆن راوڵز و چەمکە سەرەکیەکانی.

**مەبەستی یەکەم**

**دەربارەی (جۆن راوڵز)**

لە رێکەوتی(٢١)ی شوباتی(١٩٢١)ی زایینی جۆن بۆردلی راوڵز لەناوچەی (بارتیمور) لەویلایەتی (میرلەند)ی ئەمەریکا لەدایک بووە، کوڕی دووەمی ناو پێنج منداڵی (ولیەمبۆردلی راولزە)باوک وئاناائابیلی (ئێستامب)ی دایک بووە(بی تلیش، ص٢٤).

باوکی سەرگەرمی کاری پارێزەری بووە، زۆریش رۆچووە بەنێو دەستوری ئەمریکیدا، لەگەڵ ئەوەشدا حەزی لێنەبووە وانەی یاسا بڵێتەوە، بەڵام زۆر گەشەی داوە بە ژیانی پیشەیی بەئەندازەیەک بەرزی کردوەتەوە بۆ دیوانی باڵای ئەمەریکا.

دایکیشی (ئانا ئابیل) یەکێک بووە لەداکۆکیکەرانی مافی بەشداری پێکردنی ژنان لە هەڵبژاردندا، هاوکات لێپرسراوی رێکخراوی بەرەی ناوچەیی ئافرەتان بووە بۆکاروباری هەڵبژاردن لەناوچەی تەیموردا(تحسین حمەغریب، فیلسوف العدالة،ص١٨). لەگەڵ هەمو ئەمانەشدا خێزانی (جۆن) یەکێک بووە لەخێزانە ناودارەکانی باشووری ئەمەریکا، هەربەم هۆیەشەوە یەکسانیان خستۆتە نێوان رەشپێست و سپیپێستەکانەوەو بەنەهێشتنی دەمارگیری لەنێو پەروەردەی بنەڕەتی ناو پرۆسەی پەروەردە لەنێو خێزانەکەیاندا(بی تلیش،ص٢٤)، لێرەوە ئەم چەمکە مەزنەی ناسی(یەکسانی). ئەوەبوو هەر لە تەمەنی منداڵیەوە چووە ژێر کاریگەری (لینکۆڵن)ی سەرۆک کۆماری ناسراوی ئەمریکاوە و هەربەو شێوەیەش مایەوە تاکۆتایی تەمەنی(John rawls the law of peoples,p,99).

بۆماوەیەکی کەم (راوڵز) لەتەیموور چووە قوتابخانەوە، پاشان گوازرایەوە بۆ قوتابخانەی (کنت) لەکنتیکات،(حمەغریب، فیلسوف العدالة، ص١٨) هەر لەوێش مایەوە تاتەواوکردنی قۆناغی ئامادەیی لەساڵی ١٩٣٩ی زاییندا بەتامەزۆرییەکی زۆرەوە گەڕایەوە بۆ لێکۆڵینەوەلەچەمکی دادپەروەری تا کۆتایی تەمەنی، ئەم توێژینەوەی بەردەستیش پەیوەستە بەو بابەتەوە(علی معظمی، ص٤)

لەزانکۆی (برینسکۆن) وێڕای سەرقاڵ بوونی وانەی فەلسەفەی خوێندووە و پلەی بەکالۆریۆسی تێدا هێناوە لە ساڵی ١٩٤٣ی(بی تلیش، ص٢٥) زاییندا ئەو کاتەی ئەمەریکا کەوتە نێوجەنگی جیهانی دووەمەوە، (راوڵز)یش پەیوەندی کرد بەسوپاوە وەکو سەربازێک لەنێو سەربازانی پیادەدا بووە لەیەکەی ناوچەی زەریای هێمن لەنێو هێزەکانی ئەمەریکادا.

لە راستیدا شەڕ ئەزموونێکی سەخت بوو بۆ راوڵز،تائەو کاتەی بەشەکەی گوازرایەوە بۆ (گینە نو) پاشانیش بۆ (فلیپین) پاشتریش بۆ ژاپۆن(تحسین حمەغریب، فیلسوف العدالة، ص١٨)، ئەو بۆی دەرکەوتبوو شەڕ ئەزمونی راستەقینەیە لەگەڵ ئەوەشدا هۆشیار بوو لەسەر ئەوەی کە هەمو مرۆڤایەتی لەو رۆژگارەدا قسەی لەسەردەکرد: کاتێک بەشێکیان بەشەکەی تر دەخاتە نێو ناڕەحەتی و ناخۆشیەکی گەورەوە، کاتێک چاوە تینووەکانی شایەتی رووداونی خوێنرێژی نازیەکان دەبوون، هەر ئەمەش ناونرا (بەئایینی هەڵگەڕاوە)(علی معظمی، ص٤) لەگەڵ ئەوەشدا دەمارگیریی کوێرانەی سەربازانی ژاپۆنی دەبینی لەکاتێکدا وەکو سەربازێک لەهێزی هاوپەیمانان‌دا خزمەتی دەکرد، دەیزانی ئەوەش راستە کە دەوڵەتە هاوپەیمانەکان دانیان پێدا دەنا

لەکوشتنی بێتاوانان لەنێو شارەکانی ژاپۆندا بەتایبەتی شاری(ناکازاکی و هێرۆشیما)ی بەرکەتوو بەچەکی ناوکی.

وەکو وتمان شەڕ ئەزموونێکی سەخت بوو بۆ (ڕاوڵز) ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین شەڕێکی پڕ ە بەش بەش بوون وناکۆکی و کۆتاییەکی ترسێنەر دیسان شایەتی حاڵی شەڕە راستەکان بووەو بە ئاگابوو لەوەی کە بەترسێنەری هەڵگیرسا بوو لەو دەوڵەتانەی لەو رۆژگارەدا شەڕیان دەکردو هۆکارەکەشی ئادەمیزاد بوو(بی تیلیش، ص٢٤)، لەگەڵ هەمو ئەو ئەنجامە ترسێنەرەدا بەزیان گەیاندن بە رۆحی بێتاوانانیش کۆتایی پێهات، بەڵام بۆ ئەو لەو نێوانەدا سوودی زۆری دەستکەوتن و وایان لێکرد دووربکەوێتەوە لە (دەمارگیری ئایینزایی)، تێپەڕاندنی هزری لیبراڵی رۆژئاواییدا، بووە مرۆڤێکی چاکەکار و دادپەروەربویست بە جۆرێک هەندێک لە نووسەران بە"مەسیح"ی ئەو سەردەمە ناویان دەبرد(علی معظمی،ص٤).

بەلای ڕاوڵزەوە کۆتایەکەی جەنگی جیهانی دووەم وەک خودی جەنگەکە هەر کاریگەر بوو، ئەوەبوو وازی لە سوپا هێنا، پاش ئەوەی بەرهەمی بەکارهێنانی چەکی ناوکی هێرۆشیماو ناکازاکی بینی، هەرئەم هۆیەش وای لێکرد پلەی ئەفسەرایەتی سوپا پەسەند نەکات لەکاتێکدا بڕیاردرا بوو کەبیدرێتێ، ئەوەبوو خزمەتەکەی بەسیفەتی سەربازی ئاسایی کۆتایی پێهێنا(John rawls the law of peoples,p105)، پاش ئەمە (جۆن ڕاوڵز) گەڕایەوە بۆ زانکۆی(برینستۆن) بۆبەدەستهێنانی دکتۆراکەی ئەویش لەفەلسەفەی ئەخلاقدا؛ دەبێت ئەوەش بڵێین کاریگەری و بەرهەمی جەنگی جیهانی دووەم سانا نەبوو و شیاوی بیرکردنیش نەبوو لەنێو هزر و بیری ڕاوڵزدا(بی تیلیش، ص٢٦).

ساڵی ١٩٤٩ی زایینی ڕاوڵز ژیانی هاوسەرگیری لەگەڵ"مارگرێت فۆکس" (علی معظمی، ص٤)دا پێکهێنا، پاش ساڵێک بڕوانامەی دکتوراکەیشی بەدەستهێنا. لەو کاتەوە تا دوو ساڵی دوایش وەکو پەروەردەکار(هەمان سەرچاوە،ل٤) سەرگەرمی وانەوتنەوە بووە لەزانکۆی برینستۆن تاگەیشتنی بە(بۆرس فۆلبرایت). لەهەمان ساڵدا وەکو توێژەرێکیش لەزانکۆی (ئۆکس فۆرد)یش بۆماوەی ساڵێک خەریکی لێکۆڵینەوەبووە(هەمان سەرچاوە،ل٤).

لەکاتی گەڕانەوەی بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا وەکو پرۆفیسۆری یاریدەدەر لەزانکۆی (کرنل) سەرقاڵی وانەوتنەوە بووە لەساڵی ١٩٦٢ی زایینیدا پلەی پرۆفیسۆری پێبەخشرا لەهەمان زانکۆدا(تحسین مەغریب، ل١٦)، هەر لەهەمان ساڵدا پلەی پرۆفیسۆری بەدەستهێنا لەزانکۆی (ئای تی تی) پاش دوو ساڵیش پەیوەندی کرد بەزانکۆی (هارڤارد)ەوەو هەرلەوێش مایەوە تاکۆتایی کارەکەی لەو زانکۆیەدا بە مامۆستای نایاب ناسرا، کۆی خزمەتی زانستی خۆیدەدا لەچل ساڵ لەکاری وانەوتنەوەی زانکۆ(هەمان سەرچاوە، ل٢٠)، پاش چەند ساڵێکیش بوو بە بەرپرسی لقی رۆژهەڵاتی کۆنگرەی فەلسەفەی ئەمریکی، هەروەها لەساڵی ١٩٧٠ی زایینیدا هەڵبژێردرا بەسەرۆکی کۆنگرەی فەلسەفە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانی ئەمەریکا، هاوکات لەپۆستی لێپرسراوی لقی رۆژهەڵات بۆکۆنگرەی فەلسەفەی ئەمەریکی مایەوە تاساڵی١٩٧٢ی زایینی(هەمان سەرچاوە،ل١٧).

لەگرنگترین ئەو روداوە ئەکادیمیانەی کەبەدەستی هێنان: لەساڵی ١٩٧١ی زایینیدا بوو کاتێک کتێبە بەناوبانگەکەی بەناوی (تیۆرییەک دەربارەی دادپەروەری) نوسی، هەر لەوساتەدا بوو بە بەرهەمێکی کاریگەر، باشترین کتێبیش بوو کە کاریگەری بەرچاوی بەجێهێشت لەزانستە مرۆڤایەتیەکاندا (بهرام اخوان کاظمی، ص١٥٢).

بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر و بێوێنە نزیکەی یەک ملیۆن دانەی لێ فرۆشرا، لەو کاتەوە تا ئەمرۆ بە یەکێک لە سەرچاوە سەرەکیەکانی بواری دادپەروەری لەقەڵەم دەدرێت و پاڵپشت و سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراویشە بۆ هەمو ئەو نووسینانەی سەبارەت بە دادپەروەری دەنوسرێن،. ڕاوڵز کتێبی (تیۆری دادپەروەری)ی لەکاتێکدا نووسی کە هەڵسەنگاندنی دەکرد بۆ ئەو بیرۆکە سەرەکیانەی کە لەمڕۆدا بە ناوی فەیلەسوفی دادپەروەریەوە ئامادەگیان هەیە لە نێو وتار و گفتوگۆ تۆمارکراوەکاندا، ئەوەشی لەنێوەندەدا بەرهەمهێنابوو لەنێوان ساڵەکانی ١٩٦٠ بۆ ١٩٧٠ی زایینیدا(علی معظمی،ص٤).

ئەوەی کە لەبەشی سێیەمدا بەناوی (عدالەت وەکو ویژدان) نوسراوە، لەبنەڕەتدا لەساڵی ١٩٥٨ی زایینیدا لە توێژینەوەیەکدا نوسیبووی و رێکخستن و کورتەی بنەماو بیروبۆچوونە سەرەکیەکانی ناوبراوە کە لە کتێبەکەشدا ئاماژەی پێدراوە، پاشتریش لە شەش بەشی دیکەیدا، دیدو بۆچونەکانی تری خۆی تەواو کرد، ئەویش لەساڵی ١٩٧١ی زایینیدا (احمد واعظی، جان راولز از نظریه عدالت تا لیبرالیزم سیاسی،ص٨٥).

ئەم کتێبەی ڕاوڵز بەباشترین کتێبەکان دەستنیشان کراوە، ئەویش لەبەر ئەو گرنگیدانەی کە پێی دراوە لە لایەن ناوەندی ئەکادیمیەوە لە ماوەی دەیەی حەفتاکانی سەدەی رابوردوو خاڵی بەهێزیش کەن ووسەر زۆرتر ئاماژەی پێداوە و لەسەرەتای چاپە ئەڵمانییەکەدا نوسیویەتی لە ساڵی ١٩٧٣ی زایینیدا ئەوەیە کە ڕاوڵز هەمو ئەو وەرچەرخانەی لە هزریدا روویداوە زۆر بە خاکەراییەوە باسی لێوەکردوون(بهرام اخوان کاظمی،ص١٥٢).

لەساڵی ١٩٨٦ تاساڵی ١٩٩٥ی زایینی بەهۆی نەخۆشیەوە کاروچالاکیەکانی جۆن ڕاوڵز بەرەو کەمی و کزی چوون، ئەو ماوە و ساڵانە بوونە هۆی دەرکەوتنی تیۆریای لیبراڵیزمی سیاسی کە بە قۆناغی دووەمی ژیانی فیکری ئەو دادەنرێت(تحسین حمەغریب، فیلسوف العدالة،ص١٨).

بەڵام هەر لەکاری وانەووتنەوە مابووەوە و بەردەوام بوو لەزانکۆی (هارڤارد) ئەو شوێنەی کە بەمامۆستای نایاب تێیدا ناسرا بوو(هەمان سەرچاوە، ل١٨)

لە دوایین کتێبیشیدا بەناوی ( یاسای نێوگەلان وگەڕانەوە بۆ ژیریی گشتی) کە لە ساڵی ١٩٩٩ی زایینی بڵاوکرایەوە تێڕوانینی خۆی لەسەر چەمکی دادپەروەری لەیاسای نێو گەلاندا باس کرد وەکو پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان و یاسای نێودەوڵەتی هەمەگیر(حسین بشیریە، لیبرالیسم و محافظەکاری،ص١١٥).بەشێوەیەکی فراوان و بەربڵاو بیر و بۆچونەکانی خۆی دیاریکردووە.

لەهەمان ساڵیشدا واتە ساڵی ١٩٩٩ زایینی واتە سێ ساڵ بەر لە کۆچی دوایی (خەڵاتی گەلانی بۆ زانستە مرۆییەکان) وەرگرت، ئەم خەڵاتەش بەو کۆمەڵە و کەسانە دەدرێت کە بەشداری دەکەن لە هۆشیارکردنەوە و قووڵبوونەوە و گرنگی دەدەن بە زانستی مرۆییەکان یاخود بەشدار دەبن لە بەرەو پێشبردنی زانستە مرۆییەکاندا(تحسین حمەغریب، فیلسوف العدالة، ص١٨).

ئەم فەیلەسوفە جیدیەی دادپەروەری وا گومانی دەبرد کە دەبێت دەست بکات بەلێکۆڵینەوە لەسەر چەمکی دادپەروەری ئەویش لەسۆنگەی ئەم مەسەلە لاوەکیەوە(هەمان سەرچاوە، ل١٩).

لەلایەکی ترەوە ڕاوڵز بە داکۆکی کاری ناسراوی لیبراڵی ناسراوە و لەگەڵ ئەوەشدا پشتی کردووە لە رەخنەگرانی، هەرئەمەش بووەکو فەیلەسوفێکی ئازاد ناساندی و پەیوەندی نەبوونیشی بە دەوڵەتی ئەمەریکاوە بڕەویدا بەکەسایەتی خۆی بەدرێژایی

تەمەنی هیچ جۆرە یارمەتیەکی لە دەوڵەتی ئەمەریکا وەرنەگرت، تەنها سەرچاوەی کارکردنی یاخود سەرچاوەی بژێوی ژیانی وانەوتنەوە بوو لە نێو زانکۆدا(علی معظمی، ص٤).

یاسای نێودەوڵەتی ئەمریکا لەشەڕی ڤێتنامدا و چوونی بۆ نێو خاکەکەی ناچاربوو بەشداری بکات لە ڕێپێوانەکان دژی ئەم هەڵوێستەی ئەمریکا و بەرامبەرڤێتنام وەکو باسیان کرد پێشێلکردنی یاسای نێودەوڵەتی و بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمی و کوشتنی چەندان کەسی بێتاوان لە جەنگی جیهانی دووەمدا، ڕاوڵز ئەو جەنگەی بەنادادپەروەری وەسف کرد(بهرام اخوان کاظمی، ص١٥٢).

ڕاوڵز بەیەکێک لەو کەسە جیدیانە لە قەڵەم دەدرێت کە ڕەخنە و لەسەر خوێندنەوەی لاپەسەندە و ئامادیی تێدابووە هەمو جۆرە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی توشی بوو بێت، بە سنگێکی فراوان و لە خۆبوردیەوە ئامادەی تێدابووە گۆرانکاري بکات، هەرئەمەش کەسایەتی بەرزکردەوە(هەمان سەرچاوە، ص١٥٢). لە ڕاستیدا ڕاوڵز کەسێک بوو ئەخلاقیانە ژیاوە، زۆر خۆی بەدوور گرتووە لە خۆدەرخستن بەتایبەتی لە ڕاگەیاندن و وێنەگرتن، هەرگیز خوازیاری ناو و ناوبانگ نەبووە هەوڵیشی بۆنەداوە، حەزیشی نەکردووە دەرکەوێت. کەسێکی ئازاد بووە بەهیچ شتێکیش تۆمەتبار نەکراوە تەنها بە بیرکرنەوە و تێڕامانی نەبێت لە مرۆڤ و جیهان(هەمان سەرچاوە، ص١٥٢).

تا ئەوەی لە تەمەنی ٨٢ ساڵی و لە ساڵی ٢٠٠٢ی زایینیدا کۆچی دوایی کردو پێش حەوت ساڵ لە کۆچی دوایی خانەنشین کرابوو لە وانەووتنەوە، ئەوەش بەهۆی جەڵتەی دڵەوە هەر ئەوەش بووە هۆی مردنی(علی معظمی، ل ٤).

**مەبەستی دووەم**

**دوو تیۆریی جۆن ڕاوڵز دەربارەی دادپەروەری**

ئەگەر بمانەوێت باسی هەمو ئەوە بکەین کە جۆن ڕاوڵز دەربارەی دادوەری نووسیویەتی، ئەوا لەو شوێنەی کە لەم توێژینەوەیەدا بۆ ئەوە تەرخانکراوە تەنها فریای ناونیشانەکانی ناکەوین چ جای هێنان و شرۆڤەکردنی ناوەڕۆکی لێکۆڵینەوە یاخود ئەو کتێبانەی کەتێیاندا باسکراون(جان راولز، عدالت به مثابەانصاف، ص١٢).

بۆ ئەوەی فراوانی نووسینەکانی جۆن ڕاوڵز دەربارەی دادپەروەری وێنا بکرێت بەسە بۆ ئەو کە خوێنەر بزانێت کە ئەو لە کاتی وەرگرتنی دوکتۆراکەیەوە لە ساڵی١٩٥٢ تا کاتی مردنی لە ساڵی ٢٠٠دا ئەو دەمەی کە کتێبە گەورەکەی بەناونیشانی (وانائێک دەربارەی فەلسەفەی ئەخلاق) ( Rawls John, lectures on the history of (moral philosophyپێش دوو ساڵ لە مەرگی نووسی، هەرگیز لە نووسین نەوەستاوە(هەمان سەرچاوە، ل١٣). بۆیە ئێمە تەنها هەوڵی ناساندنی حەوت لە کتێبە بەناوبانگەکانی کە قەبارەی هیچ کامیان لە پێنج سەد لاپەرە کەمتر نییە تەنها دوانیان نەبێت کەئەوانیش (دادپەروەری وەک ڕەوایی ((justice as fairness) و ( یاسای گەلان و گەڕانەوە بۆ عەقڵی گشتی John rawls the law of peoples (with the idea of) public reason revisited)ن دەدەین ولەبەرئەوەش گفتوگۆدەربارەی داهێنانی جۆن ڕاوڵز لە ڕووی دادپەروەریەوە لە دوو تیۆریا بەناوبانگەکەیدا کورت دەبێتەوە، لەبەرئەوەش هەردوو تیۆریاکەو ناوەڕۆکی کتێبەکانی دیکەی لەو دوو کتێبەیدا کورت دەبنەوە کەهەرکامیان بۆ یەکێک لەو دوو تیۆریە تایبەت کراون، ئەوانیش:

یەکەم: کتێبی بەناوبانگی تیۆرییەک دەربارەی دادپەروەری (john rawls A theory of justice)

دووەم: کتێبی لیبرالیزمی سیاسی(political liberalism ,Rawls John)یە کە بە کودەتایەک دادەنرێت بەسەر کتێبی یەکەمیدا:

یەکەم: تیۆرییەک دەربارەی دادپەروەری (A theory of justice)

ئەمە کتێبە بەناوبانگەی جۆن ڕاوڵزە کە دەربارەی وتراوە پڕ جێکەوتترین کتێبە دەربارەی فەلسەفەی سیاسەت لە سەدەی بیستدا، هەروەک یەکێک لە گۆڤارە تایبەتمەندە فەلسەفیەکان وەک گەورەترین کاری فەلسەفی لە فەلسەفەی ئەخلاق و سیاسەت ویاسا لە سەدەی بیستدا ناساندویەتی کە تەنها لەسەر پسپۆڕەکان نییە کە بیخوێننەوە بەڵکو لەسەر میریەکانیش پێویستە کە بیخوێننەوە تا پشتی پێببەستن لە ڕامیاریاندا، تا ئەمرۆش نزیکەی حەفتا جار چاپکراوەتەوە، دەربارەی شرۆڤەو ڕەخنەی ئەو کتێبە تا ئێستا نزیکەی شەش هەزار کتێب و لێکۆڵینەوە نووسراون. هەمو نووسینەکانی دواتری جۆن ڕاوڵز خۆشی لە ماوەی سی ساڵدا تەنها وردکردنەوە و درێژە پێدان یاخود ڕەخنەی ئەو کتێبە بوون(احمد واعظی، جان راولز از نظريه عدالت تا ليبراليزم سياسى،ص٨٥) لە حەفتاکانی سەدەی رابردوودا ملیۆنەها دانەی لیفرۆشران تەنها لە ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکادا، ئەمەش بە پەرجوو دادەنرێت سەبارەت بە کتێبێکی فەلسەفی تایبەتمەند. قەبارەی کتێبەکەش لەو چاپەی زانکۆی ئەکسفۆرددا نزیکەی (٥٣٨)لاپەرە بوو کە بە خەتی ورد نووسراوە، (Jhon Rawls, A theorof justice)هەندێک لەو داهێنانەش پسپۆڕەکانی تووشی شۆک کرد بریتی بوون لە:

یەکەم: ئەوەیە کە ئەم کتێبە بە ئاسان و خۆبەدەستەوە نەدەر (السهل الممتنع) باس دەکرێت، مەبەستیش لەو زاراوەیە لێرەدا بریتییە لەوەی کە جۆن ڕاوڵز توانیویەتی کۆکردنەوە ئەنجامبدات لە نێوان رای فەیلەسوفەکانی دیکەدا و چەمکە بەکاربراوەکانی ئەوانی دی لێرە جارێکی دیکە بەکار بردۆتەوە(بهرام اخوان کاظمی،ص١٥٤)وەک ئەوەی ئەرکگەرایی کانتی فەیلەسوفی هێناوەو چەمکی گرێبەستی کۆمەڵایەتی لە هەرکام لە هۆبز و هیۆم و جان لۆک خواستووە(علی معظمی،ص٤) و هەروەک چەمکی دۆخی سروشتی ئەوانی بۆ (دۆخی بنەڕەتی) وەرگێڕاوەو لە هەلومەرجی (پەردەی غافڵانە)دا کە بەشداربووان لەگرێبەستدا ئاگایان لە پێگەو بێژووکی (امتیاز)ی خۆیان لە بارودۆخە ئاساییەکەدا نییە، کاتێک کە ئەو پەردەیە هەڵدەگیرێت و تاکاکان دەگەڕێننەوە بۆ ناو پێگەو شوێنی خۆیان لە ناو کۆمەڵگەدا ئەوسا لەو بابەتانە بە ئاگادێن(علی معظمی،ص٤).

ئەوەش لە ڕووکەشدا وا دەردەکەوێت کە بابەتێکی ئاساییەوهیچ داهێنانێکی تێدا نییە، بەڵام وانییە کاتێک دەچیتە نێو وردەکاریەکانییەوە(تحسين حمەغريب،فيلسوف العدالة،ص٢٤). ئەمە ئەو پنتەیە کە جۆن ڕاوڵزی پێی ئەفسونی لە خوێنەرەکانی کردووە و تووشی مەدهۆشی کردوون، چونکە بۆچوونەکانی جون ڕاوڵز لەم کتێبەدا تەنها لە چەند خاڵێکدا کورت نابنەوە و بنەماکانی دادپەروەریش تەنها چەند بنەمایەک نین کە بشێت دادپەروەری لە ناو کۆمەڵگەکاندا پێ بپێورێت، وەک ئەوەی لەیەکەم ڕوانیندا وادەردەکەوێت، بەڵکو (جۆن ڕاوڵز) چنینێکی جوانی لە نێوان چەمکەکان و خاڵەکاندا ساز داوە و بەوەش تۆرێکی ڕاوکردنی دروستکردوە کە ماسی دادپەروەری پێڕاو کردووە. ئەمە ئەگەر نەڵێین ئەو شارێکی تیۆریای بۆ دادپەروەری هێناوەتەبوون، تا ئەوەی بە هۆی ئەمەوە ڕەخنە لەتیۆریاکەی گیراوە کە تیۆرییەکە

زێدە لە پێویست پەتیە، هەمو ئەوەشی ئەنجام داوە بەوەی کە لۆژیکی بیرکاریدا بەیاری ئەگەرەکان ناسراوە (إيليا حريق،ص٨٦).

دووەم: لەم کتێبەدا جۆن ڕاوڵز توانی بە میتۆدی شیکاری کە لای فەیلەسوفە ئەنگلۆسەکسۆنییەکان(بەریتانی و ئەمریکیەکان) لێکۆڵینەوە لە بابەتە گەردونییەکانی وەک دادپەروەری ئەنجام بدات کە پێشتر تەنها جێگەی گرنگی پێدانی فەلەسوفە کیشوەریەکان (ئەڵمانی و فەرەنسیەکان) بوو(علي معظمي،ص٤) ئەمە وایکرد لەیەکێک لە فەیلەسوفەکان کە بڵێت (فەیلەسوفێکی گەورە لە سەدەی بیستدا وەک جۆن ڕاوڵز بوونی نییە کە گیانی بۆ فەلسەفەیی اسا و سیاسەت گێڕایەوە ئەو گیانەی لە دەستی دابوو وئەوەی هێنایە ناو هزری لیبرالیەوە کە لە ناو ئەو هزرەدا بە مەحاڵ دادەنرا کە ئەویش بریتی بوو لە چەمکی دادپەروەری)(تحسين حمەغريب، فيلسوف العدالة، ص٢٤)

سێیەم:ڕاوڵز بوونی دەرەکی وبابەتی ڕێسا ئەخلاقی و یاساییەکانی سەلماند. بەمەش لە ڕێژەگەرایی رەهای لای پۆست مۆدێرنیستەکان و ڕێژەگەرایی سنوورداری کۆمەڵگەگەراکان دوورکەوتەوە(بهرام اخوان كاظمي، ص١٥٤). بە هێنانە ناوەوەی چەمکی ئەرکگەرایی کانتی کۆتایی بەدەسەڵاتی رەهای قوتابخانەی بەرژەوەندی خوازی بەسەر هزری ڕۆژئاواییدا هێنا، ئەو قوتابخانەیەی رەخنەگرەکانی نەیانتوانی بوو بێجگە لە پیشاندانی هەندێک لە خەوشەکانی کارێکی گەورە ئەنجام بدەن، بێ ئەوەی بتوانن ئەلتەرناتیڤێکی بۆ بدۆزنەوە، ئەمەش بە یەکێک لە هۆکارە سەرەکیەکانی نوسینی تیۆریاکە لای جۆن ڕاوڵز دادەنرێت. (تحسين حمەغريب، فيلسوف العداله، ص٢٤) لەگەڵ ئەوەشدا وێرای سەلماندنی ئەوە توانی کۆمەڵێک زاراوەی تایبەت بە خۆی دابهێنێت بۆناساندنی بابەتی بوون و بوونی دەرەکی ئەخلاق وعەدالەت.

بەمەش لە ستایلی نەریتی سەلماندنی بابەتی بوونی ڕێسای ئەخلاقی ویاسایی دوور کەوتەوە. کە لە پێش جۆن ڕاوڵزەوە ڕێسا ئەگەر بە بابەتی حسێب بکرایە ئەوا پێ دەوترا ڕێسایەکی راستە(قاعدة صادقة) چونکە ڕێکوراستی بوونە دەرەکیەکە بوو، بە ڕێسایەکی درۆش دادەنرا ئەگەر وا نەبوایە. لەکاتێکدا دادپەروەری چەمکێکی ئەخلاقیە، ئەگەرچی بە ڕێسایەکی راست دادەنرا، ئەمەش نالۆژیکیە. رستەی (دادپەروەری راستە) مانای لۆژیکی نییە، بۆیە جۆن ڕاوڵز لە بری چەمکی راست بوون چەمکی ماقووڵ بوونی (المعقولية) (reasonablity)(جان ڕاوڵز، عدالت به مثابه انصاف،ص١٢٤) بۆ وەسفکردنی چەمکێکی وەک دادپەروەری و ڕێسا ئەخلاقیەکانی دیکە بەکارهێنا. بەمەش کۆتایی بەو جەدەلە پیر و هەبووەی لای فەیلەسوفەکان هێنا کە لە سەردەمی کانتەوە دەستی پێکرد بوو، کە بریتی بوو لەوەی شیمانەی ئەوە نییە کە دەستمان بە ڕێسایەکی فەرمانی داهێنانی(القاعدة الانشائيه الأمرية) بە پشتبەستن بەڕێسایەکی دەرەکی (القاعدة الخارجية) و رستەی هەواڵی(الجملة الخبرية)دەست کەوێت. بەهۆی ئەمەشەوە کۆمەڵێک چەمکی دیکەی تایبەت بە سیستەمی هزری جۆن ڕاوڵز لە دایکبوون، کە کۆشکی تیۆریاکەی دەربارەی دادپەروەری پێ دروستکردن وەک چەمکی کێشانی تێڕامانانە (الموازنه التاملية) و (کۆدەنگی تێکهەڵچوو(الاجماع المتداخل))کە لە دواتردا راڤەی هەر کام لە چەمکانە دەکەین)، هەر کام لەوانیش لە جێی خۆیەوە بوو بە بناغەی زۆرێک لە بابەتە یاسایی و سیاسیەکان کە ئێمە لەم لێکۆڵینەوەدا هەڵدەستین بە شیتەڵکردنیان (A theory of justice citjohn rawls ،op،xi).

لەبەر ئەوەش لە مەبەستی داهاتوودا باسی تیۆریاکە بە تەواوەتی دەکەین، ئەوا لێرەدا تەنها تیشک دەخەینە سەرناوەڕۆکی کتێبەکە:

کتێبەکە بە پێشەکیەکی پێداچوونەوانە دەست پێدەکات بەناوەڕۆکی کتێبەکە و ئەو گۆڕانکاریانەی کە جۆن ڕاوڵز بەسەر راکانی خۆیدا هێناوە و هەروەها پێشەکیەکی بنەڕەتی دیکە و سێ دەرگا کە هەر دەرگایەکیش لە سێ بەشی بنەڕەتی پێکدێت (john rawls A theory ofjustice,p.cit,op,vii).

ناوەڕۆکی کتێبەکە:

دەرگای یەکەم، دەربارەی تیۆریاکە دەدوێت کە ئەویش لە سێ بەشی سەرەکی پێکدێت، بەشی یەکەم ناونیشانی (دادپەروەری وەک رەوایی)ە، کە ئەویش بە چەند لقە ناونیشانێکی دیکەوە دابەش دەبێت. بەشی دووەمیش لە ژێرناونیشانی (بنەماکانی دادپەروەری)دایە، بەشی سێیەمیش لەمەڕ دۆخی بنەڕەتیە (Ipid.p3-17).

دەرگای یەکەم دەربارەی تیۆریاکە دەدوێت، بەڵام بەشی دووەم تایبەتە بە لێکۆڵینەوە لە دەزگا گشتیەکانی دادپەروەری، لەبەشی یەکەمیدا تیشکی خستۆتە سەریەکسانی لە مافە بنەڕەتیەکاندا و لە بەشی دووەمدا دەربارەی تایبەتکردنە دابەشکراییەکانە، لە بەشی سێیەمیشدا لە ماف و ئەرکەکان، (Ipid p171-345 )دەکۆڵێتەوە دەرگای سێیەمیش تایبەتە بە ئامانجەکان لە بەشی یەکەمدا چەمکی (چاکە وەک عەقڵانییەت) ی ڕونکردۆتەوە، بەڵام لەبەشی دووەمدا خولگەی باسەکەی لەسەر هەستکردن بە دادپەروەربە و بەشی سێیەمیش دەربارەی فەزیڵەتی دادپەروەربە (Ipid, p347-445).

ئامانجی سەرەکی لە نوسینی ئەم کتێبە وەک ئەوەی جۆن ڕاوڵز خۆی دەڵێت وەڵامدانەوەی پرسیارێکە کە: ئایا لە تواناداا هەیە کۆمەڵگەیەکی گونجاو و یەکتر تەواوکەر و چالاک دروست بکرێت کە هاوڵاتیەکانی عەقڵانی ویەکسان و ئازاد بن، بە هۆی چەمکێکی وەک چەمکی عەدالتەوە؟ دەبێت دادپەروەریش چۆن بێت تا ئەو ئامانجە بهێنەدی(Ipid,p,xi) .

لەم کتێبەدا جۆن ڕاوڵز ئەنجامگیریەک دەکات کە ناوەڕۆکەکەی ئەمەیە: بۆ ئەوەی ئەو ئامانجەی سەرەوە بێتەدی نابێت لەتەک دادپەروەریدا تەنها وەک فەزیڵەتێکی ئەخلاقی تاکیانە مامەڵە بکەین، بەڵکو دەبێت وەک کارێکی بە کۆمەڵ کە بە شێوەیەکی راستەوخۆ پەیوەندی بە دەزگا گشتیەکانەوە هەیە لێی بڕوانین، ڕاوڵز دەڵێت: دادپەروەری بابەتی سەرەکی و یەکەی پێوانی دەزگاکانە و هەروەک چۆن حەقیقەتێکە لە فەلسەفەدا. پێویستە دادپەروەری، (شێوازی پوختەیی) بێت (Ipid,p3).ئەمەش زاراوەیەکە داهێنراوی جۆن ڕاوڵزە مەبەستی پێی مانایەکە هاوشێوەی مانای زاراوەی دادپەروەریی دابەشکاری (بەڵام لەو فراوانترە) (تحسين حمەغريب، فيلسوف العدالة،ص٣٢).

لێرەدا یەکێک لەو سێ هەڵبژاردنە هەڵدەبژێرێت لەدادپەروەریی دابەشکاریدا، چونکە ڕێگاکانی دابەشکردن سیانن:

یان ئەوەتا جەخت لەسەر تاکەکان دەکاتەوە، یان جەخت لە سەر شت دەکاتەوە، یان لەسەر شێوازی دابەشکردنەکە. دادپەروەریی جۆن ڕاوڵز لەمەی سێیەمیانە،بەڵکو پەرەی بەمە داوەو فراوانی کردوە(رابرت ال هولمز، ٢٥)، ئەگەرچی کۆمەڵێک مەرجی داناوە کە پەیوەندیان بە دوو هەڵبژاردنەکەی دیکەوە هەیە. دەتوانین بەم شێوەیەی خوارەوە کورتی بکەینەوە: کە کۆمەڵێک مرۆڤی ئازاد و عەقڵانی لە دۆخێکدا بوونیان هەیە کە بە(دۆخی بنەڕەتی) ناوی دەبات لە پشت (پەردەی غافڵانەوە)، نە هیچ شتێک دەربارەی پێگەیان لەناو کۆمەڵگەدا دەزانن و نە دەربارەی چین و نە دەربارەی توانا و زیرەکی و هێزەکانیشیان، تەنانەتئ ەوەش نازانن کە بۆچوونیان سەبارەت بە چەمکی چاکە چیە، بەڵام ناچارانە ئەوە دەزانن کە

پێویستە بۆ دابەشکردنی کاڵا ماددی و نەبینراوە هاوبەشەکانیان ڕێکبکەون.(احمد واعظی، جان رالز از نظریه عدالت تا لیبرالیسم سیاسی، ص119)

دوو بنەمای دادپەروەریش هەن کە بە دڵنیاییەوە لەسەریان ڕێک دەکەون ئەوانیش دوو مەرجیان هەن:

یەکەم: کە ئەو نایەکسان بوونەی لە ناو کۆمەڵگەدا بوونی هەیە بە قازانجی و چاکەی هەموان بگەڕێتەوە، یاخود بە قازانجی ئەوانەی زۆرترین بێبەشەکانی کۆمەڵگەن.(هەمان سەرچاوە،ل١٣٣)

مەرجی دووەمیش: بریتییە لە یەکسانی هەلەکان بۆ هەموان (دواتر بەوردی لەوە دەکۆڵینەوە)، ( هەمان سەرچاوە،ل١٢١).

کتێبی دووەمی کە بریتییە لەکتێبی (لیبرالیزمی سیاسی Rawls John ,political)) liberalism) بە خاڵێی وەرچەرخان دادەنرێت لە هزری جۆن ڕاوڵزدا، بەڵکو هەندێک بە کۆدەتای دەبینن بەسەرهەمو ئەوەدا کە لە کتێبیەکەمیدا هاتووە، لەکاتێکدا هەندێکی دیکە بە بەرەو پێشبردن و فراوانکردنی ئەوەی یەکەمی دەبینن، کە بە هۆی ئەو رەخنە توندانەی لە ڕاکانی لە کتێبی یەکەمیدا گیرابوون و ئەویان ناچارکرد بە بیروڕاکانی خۆیدا بچێتەوە و گۆڕانکاری گەورەیان تێدا ئەنجام بدات (احمد واعظی، ص204).

ئەگەرچی خاڵی وەرچەرخانی هزری جۆنراوڵز ئەو کاتە دەرکەوت کە کۆمەڵە وانەیەکی لە ساڵی ١٩٨٢ ئەنجام دا، ئەوانەی بە وانەکانی (دیوی) ناسراون، ویستی بەرگریکاری لە لیبرالیزم وەک ڕووگەیەکی گشتگەراوە بگۆڕێت کە دەرەنجامەکەی دروستکردنی هێزێکی گەورەی وەک هێزی دەوڵەتە، کە ئەمەش لەتەک دادپەروەریدا نایەتەوە، چونکە هەستکردن بە دادپەروەری بە پلەی یەکەم پەیوەندی بە تاکەکانەوە هەیەو هەمەجۆریش لە رووی فیکری و ئەخلاقی و دینییەوە لە ناو کۆمەڵگەدا روودەدات بە هۆی بڵاوبوونەوەی زانیاری و دەرکەوتنی جیهانگیریەوە بە پلەی یەک وبەهۆی کۆچکردنەوە بە پلەی دوو، کە ئەمەش دەختکردنەوە لەسەر هەمەجۆری ولێکبوردەیی دەخوازێت. لێرەوە شیمانەی ئەوە نییە بۆ هیچ قوتابخانەیەکی گشتگەرا، چ ئایینی چ فەلسەفیی اخود ئەخلاقی بێت بتوانێت دەست بەسەر ئەو هەمەجۆریەدا بگرێت و هاوڵاتیان رازی بکات. لەبەر ئەوە پێویستە تەنها پشت بەیەک ڕووگەی دیاریکراو نەبەسترێت لەو کارەدا ئەگەرچی ئەو ڕووگەیەش قوتابخانەی لیبرالیزم بێت، هەر لەبەر ئەوە جۆن ڕاوڵز دروشمی گرێبەستی بەرزکردەوە کە خۆی خۆی دەسەلمێنێت و پشت بە هیچ هزرێکی پێشگریمانەکراوی دیکە نابەستێت(تحسین حمەغریب، فیلسوف العدالة، ص27).

ئەگەر ئامانج لە نوسینی کتێبی پێشتری کە(تیۆرییەک دەربارەی دادپەروەری)ە دۆزینەوەی جێگرەوەیەک بوو بێت بۆ قوتابخانەی سوودگەرایی لە سیاسەت و ئەخلاقدا و پیشاندانی ئەوەی کە هیچکام لە رووگە بەرامبەرەکانی وەک شهودگەرایی و کامڵگەرایی وئامانجگەرایی توانای وەڵامدانەوەیان نییە، هێنانەناوەی چەمکێکی گەورەی وەک دادپەروەری بۆێو قوتابخانەی لیبراڵیزم وهەوڵی تێپەڕاندنی دابەشکاریە نەریتیەکانی باڵەکانی لیبرالیزم وەک دابەشبوونی بۆ لیبرالیزمی راست و چەپ،(کە راستڕەوەکان وەک پارێزگارەکانن لەدابەشکاری ئەمریکاداو چەپەکانیش لایەنگری یەکسانین)(حسین بشیریە، لیبرالیسم و محافظه کاری،ص32)، ئەویش بە کۆکردنەوەی ئامانجی هەردوو لایەنەکە لە تیۆریاکەیدا. پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە چۆن بۆ دەوڵەتی لیبراڵی نوێ بەو هەمو هەمە جۆری و پێکهاتەی خۆیەوە شیمانەی ئەوەی هەیە کە سیستەمێک بگرێتە بەر کە بێتە بنەمای سیستەمی سیاسی و هەمو لایەنەکان رازی بکات و هەموان تێیدابەشدار بن و جێگیری و چەسپاویش تێیدا بەر قەرار بێت.

ئەمەش مانای ئەوەیە ئەگەر تیۆریاکەی لە کتێبی یەکەمیدا پشتی بەیەک رووگە دەبەست بۆ ئەوەش دروست بوو بێت، ئەوا لیبرالیزمی سیاسی پشت بە خۆی دەبەستێت بۆ ئەوەی شەرعیەتیخ ۆی بەدەست بهێنێت. بەو مانایەی کە چەمی دادپەروەری لە چەمکێکی گشتگەرا وعەقڵانی گشتیەوە وەرچەرخا بۆ چەمکێکی سیاسی شیاو کە پشت بە مانایەکی پێشتر گریمانەکراو نابەستێت دەربارەی"چاکە" (احمد واعظی،ص204) (دواتر جیاوازی نێوان عەقڵانییەت و شیاوی دەخەینەڕوو)، روونیشە کە مەبەستی جۆن ڕاوڵز لە لیبراڵیزمی سیاسی قوتابخانەی لیبالیزم نییە، بەڵکو کۆمەڵگە لیبراڵە دیموکراتە رۆژئاواییەکانە، لەم قۆناغەدا جۆن ڕاوڵز چەندین چەمکی وەک کۆدەنگی بەناویەکدا چوو(الإجماع المتداخل)و عەقڵی گشتی(العقل العام) داهێنا، هەروەک چۆن دەستکاری بنەماکانی دادپەروەری و مەرجەکانی کرد ئەگەرچی بیرە بنەڕەتیەکانی وەک خۆی هێشتەوە. وەک خۆی دەڵێت: ئەو ئیدی کتێبی نوێ دەربارەی دادپەروەری نانووسێت وەک لە پێشەکی کۆتا چاپە ئینگلیزیەکەیدا نووسیویەتی(xi، (.john rawls A ،op ،citp14). theory of justice

کتێبی لیبرالیزمی سیاسی لەبنەڕەتدا کۆمەڵێک بابەتی نووسراو بووە کە کۆکرانەوە و لە لایەن زانکۆی هارڤارد و لە چاپی ئەکسپۆرتدا بە قەبارەی(٥٠٠) لاپەرە چاپکرانRawls John ,political liberalism,p305.

بەڵام ئەوەی هەموانی تووشی شۆک کرد بریتی بوو لەو جیاوازی و دوالیزمەیەی لەنێوان دادپەروەریی گشتگیر(تیۆریای دادپەروەری) و دادپەروەریی کردەیی(لیبرالیزمی سیاسی)دا بوونی هەبوو، خودی جۆن ڕاوڵزیش سیمبۆلی داناوە بۆ ئەوەی ئاماژە بۆ هەرکام لەو دوو قۆناغە بکات، ئەو پیتی (T)بە کەپیتاڵ دەکرد بۆ ئەوەی ئاماژە بێت بۆ تیۆریاو (TS) یشی بەکاردەهێنا بۆ ئەوەی ئاماژە بێت بۆ قۆناغی لیبرالیزمی سیاسی. بەگەڕانەوەش بۆ هەمو کارەکانی جۆن ڕاوڵز دەردەکەوێت کە بەرەو پێشچوونی هزرە نەوەک وەرچەرخانی ریشەیی وەک خۆی دەنووسێت، ئەگەر جۆن راوڵز دیسان بنووسێتەوە هەر ئەو کتێبانە دەنووسێت کە پێشتر نووسیوونی(Ipid,p,xi).

**مەبەستی سێیەم:**

**بونیادی بنەڕەتیی تیۆریی جۆن ڕاوڵز بۆ دادپەروەری.**

وا دەردەکەوێت ئەو چەمکانەی بونیادی پوختی تۆریای جۆن ڕاوڵز بۆ دادپەروەری پێکدەهێنن دەکرێت لە پێنج زاراوەی سەرەکیدا کۆبکرێنەوە:

یەکەم: گرێبەست لە دۆخی بنەڕەتیدا لە لایەن هاوڵاتیە ئازاد وبەرامبەرەکانەوە.

دووەم: (پەردەی غافڵانە)، ئەمەش بریتییە لەوەی کە ئەم ڕێکەوتنە لە ژێر پەردەی غافڵانەدا روبدات.

سێیەم: شیاوی، ئەویش بریتییە لەوەی گرێبەستەکە ماقوڵ بێت(کۆکەرەوەی ڕێسا عەقڵی ئەخلاقیەکان بێت لە هەمان کاتدا).

چوارەم: بنەمای یەکسانی:

یەکەمی دوو بنەما بنەڕەتیەکەی کە جۆن ڕاوڵز باوەڕی وایە بەشداربووان لەگرێبەستەکەدا لەسەری ڕێکدەکەون کە ئەویش بریتییە لە بنەمای یەکسانی لە ماف و ئازادیە بنەڕەتیەکاندا.

پێنجەم: بنەمای نایەکسانی بە هەردوو لایەنەکەیەوە:

أ- یەکسانی لە هەلەکاندا.

ب- بەلگەهێنانەوەی شیاو بۆ نایەکسانییەکان: کەدەبێت نایەکسانی لەقازانجی خاوەن دەرامەتە کەمەکان بێت.

ئەو پێنج چەمکەی سەرەوە هەر پێنجیان ئەو کۆڵەکە بنەڕەتیانەن کە بانی تیۆریای جۆن ڕاوڵزیان بۆدادپەروەری لەسەر هەڵگیراوە و ئەو زاراوانەن بونیادی پوختەی تیۆریاکەیان پێکهێناوە (تحسین حمەغریب، فیلسوف العدالة، ص42).

ئێمە لێرەدا هەوڵی ئەوە نادەین کە ئەو زاراوانە شرۆڤە بکەین، چونکە لێکۆڵەرلە شوێنی دیکە بە کاری لەو شێوەیە هەڵساوە(هەمان سەرچاوە، ل43)، بەڵکو دەمانەوێت ئارگۆمێنتی ئەوە بکەین کە بۆچی ئەو پێنج زاراوەیە بنەما سەرەکیەکانی ئەو تیۆرییە پێکدەهێنن و دەتوانن بنەمای یەکتر تەواوکارانە و بناغەی قووڵی تیۆریاکە بخەنەڕوو کە ئەوان دروستیان کردوە، هەروەها دۆزینەوەی ئەو پەیوەندیەی کە ئەو زاراوانە پێکەوە دەبەستێتەوە، کاتێک ئەوەمان بۆ دەرکەوت تەنها ئەو زاراوانەو هیچی دی نا لەو زاراوە زۆرانە کە لە بازنەی هزری جۆن ڕاوڵزدا بوونیان هەیە.

بۆ ئەوەی بتوانین نەخشەی جۆن ڕاوڵز لە تیۆریاکەیدا ڕون بکەینەوە پێویستە جەخت لەسەر چەمکی گرێبەست لای جۆن ڕاوڵز بکەینەوە، ئەو دەیەوێت ئەم گرێبەستە لە ئەوپەڕی هەڵبژاردندا رووی دابێت لەلایەن لایەنەکانەوەو بێلایەنی لە ترۆپکی خۆیدا بێت.

جۆن ڕاوڵز وهابراماس لە دواین ئەوعەقڵانیانە دەژمێردرێن ویستیان ئەوە بسەلمێنن کە کۆمەڵێک بنەمای عەقڵانی جێگیر بوونیان هەیە کە دەشێت پشتیان پێببەسترێت لە بابەتی دادپەروەریدا. هەر لێرەشەوە ئەو حوکم و ڕێسایانەی کە لەسەر ئەو بنەمایانە دامەزرابن ئەوانیش گشتگیر و جێگیر دەبن، وەک ئەوەی لە مافە سروشتیەکاندا باس دەکرێت لە هزری لیبراڵی نەریتی پارێزگاردا، بەڵام لە راستیدا ئەگەرچی جۆن ڕاوڵز پشت بە گرێبەست دەبەستێت لە نێوان هاونیشتمانیاندا رۆڵێکی ئێجگار دەداتە هەڵبژاردنی ئەو هاونیشتمانیانە لە دیاریکردنی بنەماکاندا، بەڵکو رۆڵی یەکەم بۆ ئەوهەڵبژاردنە دەبێت دوای ئەوەی کۆمەڵێک مەرج دیاری دەکات بۆ ئەوەی هەرشتێک کە هەڵبژاردنەکە لەکەدار دەکات بخاتە لاوە(امیراحمدی، منصور، ص227).

کاتێک رۆڵی یەکەم دەداتە هەڵبژاردنی بەشداربووان ئەوە مانای ئەوەیە ئەوان مافی چەسپاوی پێشتریان هەیە کە وایان لێدەکەن بتوانن بە گرێدانی گرێبەستێکی گرنگی وەک گرێبەستی کۆمەڵایەتی ئەنجام بدەن، کە بناغەی بونیاتنانی دەزگا گشتیەکانی کۆمەڵگەن. واشدەردەکەوێت کە هەر ئەو مافە پێشترانە ناوەڕۆکی دوو بنەما گشتیەکەی دادپەروەرن، هەر لەبەر ئەوەشە کە جۆن ڕاوڵز جەخت لەوە دەکاتەوە کە بەشداربوان ئەو دوو بنەمایە هەڵدەبژێرن، چونکە بێ ئەو دوو بنەمایە ناشێت دوو لایەنەکە بە بەشداربووی راستەقینە لە عەقدەکەدا ئەژماربکرێن، چونکە ناشێت هیچ گرێبەستێک بە گرێبەستی راستەقینە دابنرێن هەتا لایەنەکانی ئازادی تەواویان نەبێت و مافی تەواویشیان نەبێت لە ناوەڕۆکی گرێبەستەکەدا، هەر لەبەر ئەوەشە بنەمای یەکەم جەخت لەسەر یەکسانی لە ئازادی و مافە بنەڕەتیەکان دەکاتەوە.

ئەوەش پەیوەندی بە بنەمای نا یەکسانییەوە هەیە جۆن ڕاوڵز جەخت لەوە دەکاتەوە کە چەسپاندنی یەکسانی تەواو لە رووی مێژوویی و عەقڵیەوە مەحاڵە هەر لەبەر ئەوەش دەڵێت ئەگەر یەکسانی مەحاڵ بێت، دەبێت لانی کەم هەلەکان لەبەردەم هەمواندا یەکسان بن و دەبێت ئەو نا یەکسانییەش بە قازانجی هەژار و بێبەشەکان بێت. ئەمەش لەبەرئەوەی هیچ کەسێک پێویستی لایەنەکانی دی بە قازانجی خۆی بەکارنەهێنێت، لە نووسینەکانی جۆن ڕاوڵزیشدا دەردەکەوێت ئەمە تەنها پەیوەندی بە پارە و سەرمایەوە نییە، بەڵکو مەبەستی ئەوەیە بەشداربووان ئەو جۆرە ژیانە هەڵبژێرن کە خۆیان دەیانەوێت بژین. ئەمەش ناوەڕۆکی هەردوو لایەنەکەی بنەمای دووەم پێکدەهێنێت.

هەروەک جۆن ڕاوڵز باوەری بە بنەما عەقڵیە بەڵگەنەویستە جێگیرەکان هەیە لای مرۆڤەکان، بەڵام باوەریشی وایە ئەو بنەما عەقڵیانە بە تەنهایی بەس نین هەر بۆیە دەبێت هەر هێندە پشتیان پێ ببەسترێت کە یارمەتیدەر بن لە تەواوکردنی کارەکەدا بە پشتبەستن بە ویست و هەڵبژاردنی تاکەکان، میتۆدی عەقڵی هەڵبژێردراو لای جۆن ڕاوڵز میتۆدێکی کەشفی نییە، بەڵگو میتۆدیکی دارشتەی بیرکاریانەی ڕونیشە، لە بیرکاریدا دەرەنجامەکان لە خۆیانەوە وەرناگیرێن بەڵکو لەو زانیاریانەوەکە لە پێشەکیەکاندا چەسپاون و وادەکەن کە بگەینە دەرەنجامەکان، جا ئەگەر پێشەکیەکان عەقڵانی بوون، ئەوا دەرەنجامەکانیش عەقڵانی دەبن خۆ ئەگەر پێشەکیەکان عەقڵانی نەبوون، ئەوا دەرەنجامەکانیش وا نابن. جۆن ڕاوڵز لەوەدا سەرکەوتوو بووە کە کۆکردنەوەیەک بکات لە نێوان ڕێسا عەقڵانی وڕێسا ئەخلاقیەکاندا، بۆ ئەوەی (ویست) بێتەدی.


ئەو جارێکی دیکەش پشتی بە عەقڵ بەست کاتێک کە مەرجی دانا کە بنەماکان ماقوڵ بن نەوەک عەقڵانی، جیاوازیش لە نێوان ئەو دووانەدا بریتییە لەوەی کە عەقڵانییەت تەنیا پشت بە عەقڵ دەبەستێت، ئەمە لە کاتێکدا ماقوڵ بوون بێجگە لە پشتبەستن بە بنەما عەقڵیەکان پشت بە بنەما ئەخلاقیەکانیش دەبەستێت، هەر لەبەر ئەوەش ڕاوڵز پشت بە عەقڵ و ئەخلاقیش دەبەستێت (زانین و ویستیش پێکەوە)، پشت بە مەعریفەیەکی قوڵیش دەبەستێت لە ناسین کە لە چیەتی دەڕونی مرۆڤەوە دەستی کەوتووە، هەروەک خەسڵەتی چاکەویستیانەی مرۆڤی لە مرۆڤدا لە پێناو چاکەی خۆ و ئەوانی دیکەشدا لەناو کۆمەڵگە مرۆییەکاندا لە تیۆریاکەیدا بەکارهێناوە، یەکێک لەو بابەتانەش عەقڵانیبوونی تیۆریاکەی جۆن ڕاوڵز دەگەیەنێت کورت نەبوونەوەی ئەنجامەکانی تیۆریاکەیەتی لە بەشداربوواندا، بەڵکو تێپەڕبوونیان بۆ ئەوانی ترو نەوەکانی داهاتوو، ئەمەش مانای وایە کە ئەو بنەمایانە تەنها بنەمای بە ویستانەی بێ دیسپلین نین، بەڵکو کۆمەڵێک ڕێسای عەقڵین کە دەشێت لەلایەن ئەوانی دیکەوە بپێورێن و بچنە ناو ئەو گرێبەستەی کە پێکیانهێناوە و دەرگای ئەندامێتی کراوەیە بۆ هەر کەسێک کە لە دۆخیبنەڕەتیدا ئامادەنەبووبێت.

لێرەوە دەتوانین تیۆریاکەی ڕاوڵز بەم شێوەیەی خوارەوە کورت بکەینەوە:

تیۆریاکە، تیۆرییەکی گرێبەستانەیەکە بنەمای دادپەروەری دەکاتە گرێبەست، بەڵام لەگەڵ ئەوەدا کۆمەڵێک مافی بنەڕەتی بۆ لایەنەکان هەن کە ئازادی تەواویان بۆ دەهێنێتە دی لەبەرکارهێنانی وهەڵبژاردنەکانیان ڕێگریکردن لە چەوساندنەوە و بەکارهێنانیان لە بابەتانێکی وەک پارە و سەرمایە، ئەم دووانەش (بەخشینی مافەکان و ڕێگری لە بەکارهێنان و چەوساندنەوە) ناوەڕۆکی دوو بنەماکەی تیۆرییەکەن.

ڕونە ئەوەی بەو کارە دەکات کەسێکی دیکەیە و مرۆڤ خۆی، خۆی ناچەوسێنێتەوە، بۆیە دەبێت شتێکی بەسەردا بسەپێرێت کە ئەویش نەتوانێت ژێری (زانست)ی و (ویست)ی بەکاربهێنێت بۆ چەوساندنەوەی ئەوانی دیکە، ڕێگری لەوەی دووەمیش (بەکارهێنانی ویست) بریتییە لەوەی بێئاگابێت لە پێگە و خوازراوەکانی لە کاتی دابەشکردندا (گرێبەستەکە) ڕاوڵز ئەمەی ناوناوە (پەردەی غافڵانە)، ئەوەش کە ڕێگرە لە ڕێی بەکارهێنانی ڕێسا عەقڵی و زانستەکانی بریتییە لە

تێکەڵکردنی ئەو زانست و بنەما عەقڵیانە لەگەڵ بنەما ئەخلاقیەکاندا بەم شێوەیە هێڵکارییەکی لەو شێوەیەی خوارەوەمان لە تیۆریاکە بۆدروست دەبێت:




**باسی دووەم**

**چەمکە بنەڕەتیەکانی تیۆریای دادپەروەری و دەستوری هەرێمی کوردستان**

دوای ئەوەی لەباسی یەکەمدا تیۆریاکەی جۆن ڕاوڵزمان دەربارەی دادپەروەری و چەمکە سەرەکیەکانی ئەوتیۆرییەمان ناساند، پێویستە باسێک تایبەتبکەین بە ناساندنی ئەو تیۆرییە لە پەیوەند بە پرۆژە یاسای دەستوری هەرێمی کوردستان، ئەویش لە سێ مەبەستی سەرەکیدا:

**مەبەستی یەکەم**

**دەستور و دادپەروەری**

پێش ئەوەی لە مەبەستی دواتردا بچینە سەر پەیوەندی نێوان تیۆریای جۆن ڕاوڵز و پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان، ئەوا پێویستە لەم مەبەستەدا لە پەیوەندی نێوان دەستوور بە شێوەیەکی گشتی و دادپەروەری بکۆڵینەوە، بۆ ئەمەش پێویستە لە پێشان لە پێناسەی دەستوور و دادپەروەریەوە دەستپێبکەین پاشان پەیوەندی نێوانیان بخەینەڕوو:

**یەکەم: دەستوور**

بۆ ئەوەی بگەینە پێناسەیەکی خوازراو و گونجاو بۆ چارەسەری ئەو گرفتەی لێکۆڵینەوەکەی بۆ تەرخانکراوە پێویست بەوە ناکات ئەو هەمو پێناسە جۆراوجۆرو پۆلەبندیە جیاوازە بهێنین کە زاناکانی یاسا بۆ دەستوریان هێناون، بەڵکو لێکۆڵەر وا گریمانە دەکات کە تەنهایەک پۆلەبندی بۆ یاسای دەستوری ئامانجی ئەم توێژینەوەی ئێمە دەهێنێتە دی: ئەویش پێناسەی یاسای دەستوریە لە رووی ناوەرۆکەوە. چونکە زانایان گەلێک پێناسەیان بۆ دەستوور کردووە لە رووی زمانەوانی و ئەکادیمی و مێژوویی و فۆرمەوەو ئێمە بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیە پێویستمان بە هیچ کام لەو پێناسانە نییە!.

کەواتە پێناسەی دەستوور لە رووی ناوەڕۆک و بابەتەوە چیە کە زاناکانی یاسا بۆ دەستوریان داناوە:

لەبەرئەوەی دەستوور یاسایە، کەواتە دەبێت ئەویاسایەش کە پێی دەوترێت دەستوور لە کۆمەڵێک ڕێسای یاسایی پێکهاتبێت وەک هەمو ڕێسا یاساییەکانی دیکە کاریان ڕێکخستنی بوارێک لە بوارەکانی ژیان و کایەیەک لە کایەکانی کۆمەڵگە بێت، کە ئەویش کایەی دەسەڵاتە. بۆیە زانایانی دەستوورناس لەرووی ناوەڕۆکەوە وا پێناسەی یاسای دەستوریان کردوە: کە کۆمەڵێک ڕێسای یاساییە ئەو بابەتانە رێک دەخات کە پەیوەندیان بەرێکخستنی سیستەمی دەسەڵاتەوە هەیە لە ناو دەوڵەتدا، جا ئەو سیستەمە پاشایەتی یاخود کۆماری، شێوازەکەشی سەنتەری یاخود فیدراڵی و بنەماکانی پێکهاتەی سێ دەسەڵاتەکەی تێیدابن، کە ئەوانیش دەسەڵاتی یاسادانان وجێبەجێکردن و دادوەرین(عدنان عاجل عبید،ص67).

ئەم پێناسەیەش پێناسەیەکی گونجاوە ئەگەر تێیدا ماف و ئازادیەکانی بۆ زێدە بکرێت ئەو کاتەش پێناسەکە وای لێدێت کە یاسای دەستوری بریتییە لە کۆمەڵێک ڕێسای یاسایی کە چۆنییەتی هەڵسوڕانی دەسەڵاتەکان و پێکهاتەیان ڕێکدەخات و گرەنتی ماف و ئازادیەکان دەکات و بە هێنانەدی ئەندازەیەکی شایستە لە هاوپشتی و گونجاوی لە نێوان هەڵسوڕانی دەسەڵاتەکان و پاراستنی ماف و ئازادیەکان، (هەمان سەرچاوە، ل67).

لە شیتەڵکردنی ئەو پێناسەیەی سەرەوەش ئەم خاڵانەی خوارەوەمان دەست دەکەوێت کە زۆر گرنگن بۆ چوونەپێشەوەی توێژینەوەکەمان:

یەکەم: دەستوور یاسایەو ڕێساکانیشی ڕێسای یاساین، جا جۆرەکەی هەر جۆرە دەستورێک و شێوازی دانان و دەستکاریکردنی بە هەرجۆرێک بێت(منذر الشاوي، الجزء الثاني، ص107).

دووەم: کاری دەستوور ڕێکخستنی کارەکانی هەرکام لەدەسەڵاتەکانی یاسادانان و جێبەجیکردن و دادوەریە و پەیوەندیەکانیان بەیەکەوە ڕێکدەخات.

سێیەم: دەستوور گرەنتی ماف و ئازادیەکان دەکات بە هەمو جۆرەکانییەوە جا ئازادیە کەسیەکان یاخود ئازادیە سیاسیەکان یان ئازادیە ئابووری و کۆمەڵایەتیەکان بن.

چوارەم: ڕێسای دەستوری گونجاوی لە نێوان هەڵسوڕانی دەسەڵات و ماف و ئازادیەکاندا دروست دەکات. چونکە هەڵسوڕانی دەسەڵات بە ئەنجامدانی کارەکانی بە بێسنوور دەبێتە هۆی پێشێلکردنی ماف و ئازادی تاکەکان. هەروەک دابینبوونی رەهای ماف و ئازادییەکانیش بێ ئەوەی دەسەڵاتێک هەبێت ڕێکیان بخات دەبێتە هۆی بێسەروبەری لەناو کۆمەڵگەدا(عدنان عاجل عبید، ص67).

**دووەم: دادپەروەری:**

چەمکی دادپەروەریش لە مێژووی دوور و درێژی ژیانی مرۆڤایەتیدا پێناسەی زۆری بۆکراوە و لە زۆر روویشەوە پێناسەی بۆکراوە، بێجگە لەیاسا و سیاسەت زۆر کایەی زانستی دیکەی وەک فەلسەفە هەن هەوڵی ناساندنی ئەو چەمکەیان داوە. بۆیە هێنانی هەمو پێناسەکانی دادپەروەری لەسەرووی توانا و جیاواز لە بواری کارکردنی ئەم توێژینەوەیەن. هەر لەبەرئەوەشە زانایان کتێبی تایبەتیان بەڵکو ئەنسکلۆپیدیای گەورەیان تایبەت کردوە بە ناساندن و باسکردنی بەو بوارەکانی دادپەروەری(ناصر قربان نيا، ص٢١).

هەرچەند بابەتی دادپەروەری لەو بابەتانەیە کە ناتوانیت پێناسەی بکەیت تا دابەشی نەکەیت، هەر بۆیە دیکارتی فەیلەسوفی فەرەنسایی بەناوبانگ دەڵێت: دابەشکاری بکە تا سەربکەویت (سروش دباغ، ل٢٣). بۆیە ئێمە لەبری ئەوەی بە شوێن پێناسە زمانەوانییەکەی دادپەروەری و پێناسەی گشتگیریەوە بین، هەوڵ دەدەین بەشێک لەو دابەشکاریانەی ئەو چەمکە بهێنین و دواتر هەرکام لەو بەشانە پێناسە دەکەین.

باشترین دابەشکاریش کە بۆ بابەتەکەی ئێمە گونجاوە بریتییە لە دابەشکاریە نەریتیەکەی لە ئەرستۆوە هاتووە کە ئەویش پۆلەبندی کردنی دادپەروەریە بۆ دادپەروەری دابەشکاری و دادپەروەری چاککاری.(اسماعيل پرور، ص٦٧). کە لەیاسا وسیاسەتیشدا هەردووکیان بوونیان هەیە:

١-دادپەروەریی چاککاری، بریتییە لە گێڕانەوەی تواناکان لە فەوتان، ئەمە لەیاسای سزاداندا وەک ئەوەی ئەو تاوانبارەی تاوانێکی ئەنجامداوە، هەندێک لە تواناکانی خۆی بە هەدەر داوە، نابێت لەبەر ئەو تاوانەی، تواناکانی دیکەی بفەوتێن کە لە راستیدا توانای کۆمەڵگەن و لە پێناویدا وزەی خەرجکردوە، هەر لەبەر ئەوەشە هەنووکە دەزگا سزاییەکان بۆ دەزگای چاکسازی وەرگەڕاون(تحسين حمەغريب، العدالة ونظرياتها، ص٢٦).

٢-ئەمە لە کاتێکدا دادپەروەریی دابەشکاری بریتییە لە دابەشکردنی عادیلانەی کاڵا هاوبەش و گشتیەکان. لە راستیشدا ئەم جۆرەی دووەمی دادپەروەریشە پەیوەندی بەیاسای دەستوورییەوە هەیە کە دابەشکردنی کاڵا هاوبەش و پشکە گشتیەکانە، کە یەکێک لەوان بریتییە پشکی لەدەسەڵاتەکان و بەشداری سیاسی(قربان نیا، ص٢٠١).

سێیەم پەیوەندی نێوان دەستوور و دادپەروەری:

پەیوەندی نێوان دەستوور و دادپەروەری پەیوەستە بە پەیوەندی نێوان ئەخلاق و یاساوە. چونکە دواجار دەستوور یاسایەو دادپەروەریش ئەخلاقە، جا دادپەروەری کۆی رێسا ئەخلاقیەکان بێت وەک هەندێک لە فەیلەسوفەکان دەڵێن یاخود یەکێک لە رێسا ئەخلاقیەکان بێت وەک هەندێکی دیکەیان وتوویانە (احمد واعظی، نقد و بررسی نظریەهای عدالت،ص٥٤).

کەواتە پەیوەندی نێوان ئەخلاق ویاسا چیە، کە ئەمەش یەکێک لە بابەتە گرنگەکانی یاساو فەلسەفەی ئەخلاق، هەردوو قوتابخانە ناسراوەکەی چیەتی یاسا واتە قوتابخانەی سروشتی و قوتابخانەی پۆزەتیڤیزیم لەسەر ئەو بنەمایە لەیەکتر جودا بوونەتەوە(ناصر قربان نیا، ص٢٠٢).

کە بە گوێرەی قوتابخەی پۆزەتیڤیزم بۆ ئەوەی یاسایەک بەیاسا بێتە ئەژمار، هەرهێندە بەسە کە رێساکانی ئەویاسایە بە رێگە تایبەتەکانی یاساداناندا تێپەڕی بێت و لە لایەن کەسی تایبەت بە یاسادانانەوە دانرابێت، ئیدی ناوەرۆکەکەی هەرچی بێت، ئەخلاقی یاخود نائەخلاقی هەر بەیاسا حسێب دەکرێت، ئەمەیە مەبەستی ئەوەی هەندێک لە زاناکان باسی جودابوونەوە و سەربەخۆیی زانستی یاسا دەکەن لە زانستەکانی دیکە وێنەی فەقیهی گەورەی نەمساوی"کەڵسن" و زانای یاساناسی ئینگلیز"ئۆستین" و چەندین یاساناسی دیکەش رایان وایە(ناصر کاتوزیان، ج١، ص١٣١-١٣٧).

ئەمە لە کاتێکدا لە رووی کردەییەوە جێکەوتی دادپەروەری لەسەریاسا رون و ئاشکراترە. هاونیشتمانیانمل بۆیاسایەک نادەن کەناوەرۆکەکەی عادیلانە نەبێت(ناصر قربان نیا،ص٢٠٢). هەر بۆیە لە دێر زەمانەوە قوتابخانەی سروشتی بە راشکاوی ئەم بابەتەی یەکلایی کردۆتەوە، هەر لەسەردەمی هاتنەناوەوەی سەدەکانی ناوەڕاستەوە پرەنسیپی (یاسای ناعادیلانە یاسا نییە) (Unjust law is not law) یەکێك لە بنەما سەرەکیەکانی هزراندن لەناو جیهانی یاسادا شوێنی خۆی کردۆتەوە، هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی پێوەری باڵاتر بۆناوەرۆکی یاسا بۆتە بابەتێکی جەخت لەسەرکراو. ئەمرۆ ئەوەی یاسا تەنها بریتی بێت لەسووربوون لەسەریاسای (هەبوو) بێ حسێبکردن بۆ ئەوەی کە (دەبێت) ئەویاسایە لە رووی ناوەرۆکەوە چۆن بێت و تەنها لە شێوازی دانانیی اسادا بمێنێتەوە بێ ئەوەی مافە سروشتیەکان رەچاو بکرێت پێوەرێکمان بۆیاساییبوونی هەریاسایەک بە دەستەوە نامێنێتەوە (ناصر قربانیا،ص203)،هەر بۆیە بیرکردنەوە لەوەی ئەگەر یاسایەک ناوەرۆکێکی ئەخلاقی نەبێت ئەوە بەیاسانایێتە ئەژمار، بە یەکێک لە کەڵکەڵەکانی هەمویاساناسەکان دادەنرێت. هەنوکە رەچاوکردنی یاسا و یاساسەروەری بەیەکێک لە بەهاکان دادەنرێت، هەر بۆیە پرسیارکردن لەوەی کە دەبێت گوێرایەڵی کام یاسایە بین؟ بەیەکێک لەسەرەکیترین پرسیارەکانی هزری یاسایی دادەنرێت Dwokin) (Ronald1990. هەر لەبەر ئەوەشە تەنانەت فەیلەسوفەکانی قوتابخانەی پۆزەتیڤیزم دانیان بە بوونی پێویستی لانی کەمی ئەخلاق و دادپەروەری لەناوەڕۆکی یاسادا ناوە هەتا بەیاسا حسێب بکرێت. بۆنمونە فەیلەسوفی گەورەیی اسا سەدەی بیست (هارت) کە ناودارترین تیۆرسێن قوتابخانەی پۆزەتیڤیزمە ئەوە دەچەسپێنێت کە دەبێت دادپەروەری و ئەخلاق تێدا بێت تەنانەت ئەگەر رەچاوکردنی بەرژەوەندی ئەوانە بێت کە یاساکەیان لە پێناودا دانراوە.(Hart, L, A1995 , P43).,.

بە تایبەت لەویاسا گشتیانەی دیوێکی سیاسیان هەیە و پەیوەندیان بە دەزگا گشتیەکانەوە هەیە، ئەو بابەتەی لە هەمان کاتدا جێگەی گرنگی پێدانی فەیلەسوفەکانی یاسا و سیاسەتیشە، لە فەلسەفەی سیاسەتدا دادپەروەری بە خەسڵەتی دەزگا گشتیەکان حسێب دەکرێت نەوەک خەسڵەتی تاکەکان بێت، بەڵکو لەوێ دادپەروەری نەوەک هەر خەسڵەتی ئەو دەزگایانەیە، بەڵکو بابەتی سەرەکیانە، وەک ئەوەی جۆن راوڵز وای بۆ دەڕوات (دادپەروەری بابەتی سەرەکی دەزگا گشتیەکانە (هەروەک چۆن زانست بابەتی سەرەکی زانکۆ و دەزگا ئەکادیمیەکانە) ئەمەش مانای وایە دەزگای گشتی نادادپەروەر نەک هەرخەسڵەتی دادپەروەریی کەمە، بەڵکو ئەوە لەبنەڕەتدا هەر دەزگا نییە، هەرەک چۆن ئەگەر زانکۆ زانستی تێدا نەبێت لە بنەڕەتدا زانکۆ نییە.(john rawls A theory of justice,p3).

دەزگای گشتی لەوانەش دەزگا دەستوریەکان ماف و شایستەیی تاکەکان گرەنتی دەکات ئەوەش دەڕەخسێنێت کە ئەوان بتوانن برەو بە جێبەجێبوون و چێژ لەو مافانەیان ببەن ئەگەر وا نەبوو ئەوا وەک فەیلەسوفی یاسای ئەڵمانی (گۆستاف راد بروخ) دەڵێت:یاسایەک وا نەبێت ئەوە نەک هەریاسایەکی ناعادیلانە، بەڵکو هەر لەبنەڕەتدا بەیاسا دانانرێت (محقق داماد،ص٢٤٣).

ئەم پەیوەندیە قووڵەی نێوان دەسەڵات و دادپەروەری جیاوازی نێوان دەسەڵاتی شەرعی و دەستوری و دەسەڵاتی خۆسەپێنە(قربان نیا، ل٢٠٤).

هەر بۆیە ئەگەر پەیوەندی نێوان دادپەروەری و یاسا لە هزری یاساییدا یەکسەرە و جێی گومان نەبێت ئەوا ئەو پەیوەندیە لە نێوان دەستوور و دادپەروەریدا بێگومانترە و دەبێت لە پشتی هەر دەستورێکەوە تیۆرییەی دادپەروەری بوونی هەبێت تاکەکانی ناو کۆمەڵگە لە رێگەی ئەو تیۆرییەوە بناسنەوە.

**مەبەستی دووەم**

**تیۆریای جۆن راوڵز بۆ دادپەروەری و پرۆژە دەستوری هەرێمی کوردستان**

لە مەبەستی پێشوودا گەیشتینە پێویست بوونی تیۆرییەک لە پشت هەریاسا و دەستورێکەوە ودوای ئەوەش لە باسی یەکەمدا چەمکە بنەڕەتیەکانی تیۆریای جۆن راوڵزمان بۆ دادپەروەری باس کرد، ئەوا لەم مەبەستەدا لە گرنگی ئەو تیۆرییە دەکۆڵینەوە بۆ ئەوەی ببێتە پشتێنەو هەم وەک بۆگەڕاوەیەک (مرجع) بۆ دانان و رووگەپێدان و تەفسیرکردنی دەقە یاساییە دەستووییەکان پشتی پێببەسترێت لە هەردوو قۆناغی بەیاساکردن و جێبەجێکردنیشیدا:

بۆ ئەوەش بێجگە لە هۆکارە گشتیەکانی کاندیدکردنی ئەو تیۆرییە وەك بەناوبانگی تیۆریاکەو پێگەیشتن و خزمەتکردنی بۆ ماوەی زیاتر لە پەنجا ساڵ و خاوەنەکەی بە گەورەترین فەیلەسوفی دادپەروەری لەسەدەی بیستدا دادەنرێت، هەم بە زیندووکەرەوەی فەلسەفەی ئەخلاق و دادپەروەری و بە گەورەترین فەیلەسوفی

سەردەمی نوێ دادەنرێت(تحسين حمەغريب، فيلسوف العدالة، ص6)، تیۆریاکەی پێوەری هەمو کەسێکە کە لە پاش ئەو لە دادپەروەریی نووسی بێت چ ئەوانەی لەگەڵی بوون یاخود لە دژی بوون، ئەوانەی لەگەڵی بوون بۆ ئەو گەڕاونەتەوە و ئەوانەش لە دژی بوون دواجار پێوەری ئەوانیش بووە بەوەی ناچاربوون ڕونی بکەنەوە کە بۆچی لە دژینی، بێجگە لەوەی لە زێتر لە سی وڵاتی دونیادا وەک بنەمای سیستەمی حوکمداری یاساییان دانراوە و بۆ زیاتر لە شەست زمانی دونیا وەرگێردراوە هتد...، (هەمان سەرچاوە، ل٧).

لێکۆڵەر وای بۆدەڕوات کە کۆمەڵێک هۆکاری دیکە هەن وا دەکەن ئەو تیۆرییە بە تایبەت بۆ دەستوری هەرێمی کوردستان گونجاو بێت تا پرۆژە یاساکە هەم گرەنتی مافەکان و دادپەروەری بکات هەم گرەنتی جێبەجێکردنی زێتریشیان بێت، هەمیش پێوەرێک بێت بۆ رەخنە لێگرتن و باشکردنی.

مەبەست لە رەخنەلێگرتنی پرۆژەکەش رەخنە لەو بوار و بەشانەیەتی کە دەکرێت بە تیۆریاکە رەخنەی لێبگیرێت، ئەگینا دەشێت لە زۆر رووی دیکەوە رەخنەی لێبگیرێت و لێشی گیراوە، چ لە رووی شێواز و رێگەی ئامادەکردنییەوەو چ لە رووی شێوازو دارشتنیشیەوە کە چەندین هەڵەی زمانەوانی و رەوانبێژی لە پرۆژەکە دیاریکراوە، هەروەک لە رووی ناوەڕۆکیشەوە گفتوگۆی لەسەرکراوە (دکتۆرنوری تاڵەبانی، ل٨).

لە خوارەوە لە هەندێک لەو هۆکارە تایبەتانەی وا دەکات تیۆریاکەی جۆن ڕاوڵز بۆ پرۆژەیاسای هەرێمی کوردستان گونجاوتر بێت دەهێنین، کە دەشێت لەم رووانەی خوارەوە پەیوەندی نێوان تیۆریاکەی جۆن ڕاوڵزو پرۆەژەکە پیشان بدەین:

یەکەم. لە رووی ئامانجی جۆن ڕاوڵز لە تیۆریاکەی، کە ئەو بێجگە لەوەی گرنگی پێدانێکی رۆحی و ئەخلاقی بە بابەتی دادپەروەری هەیە، ئەوا لە رووی سیاسی و فەلسەفەی سیاسی و یاساوە کۆمەڵێک ئامانجی لە نوسینی تیۆریاکە و بەڵکو بەردەوام بوون لەسەر پرۆژەکەی دیاری دەکات، کە لە راستیشدا هەمان ئەو ئامانجانە وا دەکەن هەندێک لەو هۆکارانەمان بۆ دەرکەون کە وا دەکەن ئێمە ئەو تیۆرییە گونجاوتر بزانین بۆ پرۆژە یاسای هەرێمی کوردستان:

ئەو لە نووسینەکانی خۆیدا لە فەلسەفەی سیاسیدا چوار ئامانجی سەرەکی دیاری دەکات، بێگومان دەستورش وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا لایەنێکی سیاسی و لایەنێکی یاسایی هەیە کە ئەو ئامانجانەش لەتەک تیۆریاکەیدا بەراورد دەکات:

١-لەناو هەمو کۆمەڵگەیەکدا قۆناغانێکی مێژوويي وا بوونی هەیە کە لە ناو دووبەرەکی و گێژاوێکی سیاسی وادا دەژین کە پێویست بە دروستکردنی زەمینەیەکی هاوبەشی عەقڵانی بکات بۆ گفتوگۆکردن لەسەر چارەسەرکردنی ئەو قەیرانە. بە گوتەی یەکێک لە فەیلەسوفەکان تەنها لەسەر کۆتایي پێهێنانی شەڕ و ئاژاوە رێک نەکەون، بەڵکوگرێبەست لەسەر دابەشکردنی کالا گشتیەکانیشیان بکەن ( جان راولز، عدالت بە مثابە انصاف، ص٢١). هەر لەبەرئەوەش دادپەروەری لە تیۆریاکەی ڕاوڵز بریتییە لە رێکەوتنی مرۆڤە ئازاد و بەرامبەرەکان (نەک لەسەر کۆتايي پێهێنانی شەری ناوخۆ بەڵکو لەسەر بابەتە گشتیەکانیان) بە وردبوونەوەی ئەم دۆخەی هەرێمی کوردستان و ئەو رۆڵەی کە دەبێت پرۆژەی دەستوری هەرێم لە خولقاندنی زەمینەی گفتوگۆ و دەربازبوون لەو لەتبوون و گرفتە قووڵە سیاسیەی کە بووبووە هۆی دابەشبوونی هەرێم بۆ دووناوچەی دەسەڵات.

٢-بریتییە لەوەی تیۆرییەکی وەک تیۆریاکەی جۆن ڕاوڵز لە جۆری روانینی تاکەکانی کۆمەڵگە بۆ سیستەمی سیاسی و کۆمەڵایەتی و دەزگا گشتیەکانیان وەک بابەتێکی یەک پارچە ویەک ئامانجی هاوبەش وەک کۆمەڵگەو میللەتێکی خاوەن مێژوو و کولتوری هاوبەش لە بەرامبەر کۆبوونەوە بچووکترەکانی وەک خێزان و بنەماڵی هاوبەش و گروپ و حیزبی هاوبەش تەنانەت سەبارەت بە ئێمەی کورد شێوەزاری هاوبەش رۆلی گەورەی دەبێت، وەک یەک نەتەوە و وەک یەک نیشتمان کۆمان دەکاتەوە. جۆن ڕاوڵز ئەم رۆڵە بە رۆڵی رووگەپێدەر (orientation)ناودەبات. بێگومان دەستوری هەرێمی کوردستان لەو بابەتەدا دەتوانێت رۆڵی زۆر لەبەرچاوی هەبێت(هەمان سەرچاوە، ل٢٣).

٣- رۆڵێکە کە هێگڵی فەیلەسوف بە (رۆڵی ئاشتیانە) ناوی دەبات، کە تیۆریاکانی دادپەروەری و دەستوورەکانیش رێگەیەک پیشانی ئێمە دەدەن کە وێنایەکی وامان بۆ دروست ببێت بینا لەسەر دیدگایەکی عەقڵانی و دەزگاکانی ئێمە لە رووی مێژووییەوە بە ئاستی کامڵبوونی خۆیان گەیشتوون (بۆنمونە بۆ ئێمەش دەشێت وا دابنێین کە دەزگا سیاسی و یاساییەکانی هەرێم گەیشتوونەتە ئاستی ئەوەی لە ژێر گرێبەست و یاسایەکی لە پێشتری وەک دەستووردا کارەکان ئەنجام بدەن، هێگڵ بە شوێن ئاشتکردنەوەی(Versohnung)ئێمەوەیە کە دەڵێت، کاتێک لە چوارچێوەی دەستوور و یاسادا ئێمە ماقوڵ سەیری جیهان دەکەین، ئەوا جیهانیش ماقوڵ وەک کۆمەڵگەیەکی یاسایي سەیری ئێمە دەکات.(هەمان سەرچاوە، ل٢٤)

٤- رۆڵی چوارەم کە جۆرێک لەبەرەو پێشتربردنی رۆڵی پێشترە کاتێک کە ئێمە دەستوور وەک نەخشەی کۆمەڵگەیەکی واقیعی یۆتۆبی و ئەو کۆمەڵگە نمونەییە سەیر دەکەین کە دەمانەوێت کۆمەڵگەکەمانی بۆ بجولێنین، لە رووی کردەییەوە بەوە دەگەین کە واقیع کۆمەڵگەیەکی عەقڵانی و یاسایي باشتر قەبوڵ دەکات و دەشێت کۆمەڵگەیەک بخولقێنین کە لە سەر بنەمای دادپەروەرییەکی گونجاوتر دابمەزرێت. بە تایبەت لە کۆمەڵگەیەکی پلۆرالیست و فرەئایین و فرەنەتەوە و فرەکلتوری وەک هەرێمی کوردستان کە تەنها بە رێکەوتن وگرێبەستی کۆمەڵایەتی وەک دەرکردنی دەستورێک کە پشکی هەموانی تێدا رەچاوکرابێت هیچ رێگەیەکی دیکەی نییە کە تیۆرییەکی وەک تیۆریاکەی جۆن ڕاوڵزیش بۆ دۆخێکی ئاوا ئامادەکراوە و هەر بۆیەش وەرچەرخانێکی لە قۆناغی یەکەمەوە (تیۆریای دادپەروەری) بۆ قۆناغی دووەم(لیبرالیزمی سیاسی) پێدا، کە لە قۆناغی یەکەمدا پشتی بە مانایەکی تایبەت بە چاکە و فیکری لیبراڵی فراوان دەبەست، لە قۆناغی دووەمیدا پشتی بە فرەيي و جیاوازی راکان و بەڵکو فرەيي بەڵگەکانیش دەبەستێت بۆ ئەمەش چەمکی کۆدەنگی بەناویەکداچووی(الاجماع المتداخل)ی داهێنا: واتە هەر کەس بە گوێرەی بیروباوەری خۆی بەڵگەی بۆ بهێنێتەوە، بەڵگەکان جیاواز بن، بەڵام ئامانجەکە هەمان ئامانج بێت، بۆ نمونە لە دەستوری هەرێمدا دیندارێک لە روانگەی ئایینەوە بەڵگەی بهێنێتەوە و چەپێک لە روانگەی چەپی خۆیەوە و لیبراڵێک لە رانگەی لیبراڵیەوە و هتد...، (هەمان سەرچاوە، ل٢٥).

٥-وەک لە خاڵەکانی پێشتر باسمان لێکرد ئەم تیۆرییە وادەکات هاوڵاتیان بۆچوونێکی هاوبەشیان دەربارەی بنەماکانی بەڕێوەبردن و بابەتە سیاسیەکان بۆ دروستببێت، بیر لە چۆنێتی چارەسەرکردنی بابەتە بە رووکەش دژەکانی وەک یەکسانی و ئازادی و لای خۆمان هەرێمی کوردستان لە لایەك و عێراقی بوون و دەستوری عێراق لە لایەکی بۆ دروست ببێت، چونکە بەهۆی ئەو گفتوگۆیانەوە کە تیۆریاکە بە بناغەی خویانی دادەنێت. هاوڵاتیان لەوە دەگەن بابەتەکان بۆ گرنگ و گرنگتر دابەش بکەن، لە کۆمەڵگە وا تێبگەن، هەم تێگەیشتنی هاوبەش و هەمیش وەک مەیدانێکی کاری

هاوبەشی تێبگەن کەنەوە دوای نەوە پێکەوە بۆ چارەسەری گرفتەکان تێدەکۆشن( هەمان سەرچاوە، ل٢٤).

٦-لەم خاڵەی پێشووشدا گرنگترین ئەنجام بریتی دەبێت لە بەرجەستە بوونی هاوڵاتی بوونی تاکەکان، چونکە بە ویستی خۆیان نەوەک بە ناچاری (بۆ نمونە تا شەڕ و براکوژی کۆتایی پێ بێت) وەکیەک (نەک هەندێکیان، هەندێکی دیکەیان ناچار بە شوێنکەوتن بکەن لە ڕێگەی ترساندن یاخود هاندان و تەماح خستنەبەرەوە) گرنگی ئەمەش لە پرۆژە دەستوری هەرێمی کوردستاندا بە تەواوەتی ڕونە. ئەمەش تەنها لە ئاستی تاکدا نییە، بەڵکو لە ئاستی کۆمەڵگەشدا دەردەکەوێت کە گروپ و نەتەوەکان بە ویستی خۆیان چارەنووسی خۆیان هەڵدەبژێرن، بۆ نمونە هەرێمی کوردستان لەناو عیراقی فیدراڵدا دەمێنیتەوەیاخود توانای جودا بوونەوە دەئاخنێتە ناو ناوەڕۆکی دەستوورەکەیەوە(پەرلەمانی هەرێمی کوردستان، پرۆژە یاسای دەستوری هەرێمی کوردستان، ماددەی "٨")

٧ -خاڵێکی گرنگی دیکە کە وا دەکات ئێمە وای بۆ بچین کە تیۆریاکەی جۆن ڕاوڵز بۆ ئەوە بشێت کە پرۆژە دەستووری هەرێمی کوردستانی پێ بخوێنینەوە پەیوەندی بەناوەڕۆکی تیۆریاکە و ئەو هەلومەرج و دۆخانەوە هەیە کە تیۆریاکە بۆ گرێبەستەکەی دەخولقێنێت. دەستورش دواجار گرێبەستێکی کۆمەڵایەتیە بۆدروستکردن و پەرەپێدانی کۆمەڵگە[١]. بۆ نمونە لە رووی ناوەڕۆکەوە تیۆریاکە تیۆرییەکی دادپەروەری دابەشکارییە بۆ دابەشکردن و چۆنییەتی بەشداربوونی هاوڵاتیان لەدەسەڵاتی سیاسیدا کە ئەمەش تەواو گونجاوە لەگەڵ نوسینەوە و دەرکردنی دەستوری هەرێمدا، بە بەراورد لەگەڵ تیۆریاکانی دیکەی دادپەروەریدا وەک تۆریاکەی ئەمارتیاسین کە تەنها کاری بریتییە لە برەودان بە تواناکان(تحسين حمەغریب، العدالة ونظرياتها، ص١٩٧).

هەروەها ئەو مەرجانەی بۆ پیشگرێبەستەکەو لە کاتی گرێبەستەکە و دوای گرێبەستەکەش(لێرەدا دەنگدان لەسەر پرۆژەی دەستوری هەرێم دایدەنێت،-مەرجەکانی پێشگرێبەست لە کاتی گرێبەست و پاش گرێبەست) کە چەمکە بنەڕەتیەکانی تیۆریاکە لەسەر ئەو بنەمایە دانراون. مەرجی پێشگرێبەست بریتییە لەوەی بەشداربووانی گرێبەستەکە ئازاد وبەرامبەر بن تا کەس ناچار نەبێت بە پێچەوانەی ویستی خۆیەوە بە قازانجی ئەوانی دیکە دەنگ بدات(جان راولز، عدالت به مثابه انصاف، ص٨٦).

مەرجەکانی کاتی گرێبەستەکەش پەیوەندی بەو کەسانەوە هەیە کە گرێبەستەکە ئامادەدەکەن و پشکەکان دابەش دەکەن، لێرەدا مەبەست ئەو کەسانەیە رۆڵیان هەیە لە ئامادەکردنی پرۆژەی دەستوورەکە چ لە هێزی یاسادانان یاخود هێزی جێبەجێکردن بن کە رۆلیان دیارە لە ئامادەکردنی رەشنووسەکەدا(پرۆژەی تیشک، ل٣٣). مەرجی ئەوان ئەوەیە لە کاتی دابەشکردنی پشکەکاندا چ پشکە سیاسیەکان چ پشکە ئابووریەکان چ پشکە زانیاریەکان نەزانن بەشەکەی خۆیان کامەیە، ئەگەرنا کاتێک کە دڵنیان کام پشکە بەر خۆیان دەکەوێت ئەوان بەشەکەی خۆیان زۆرتر دادەنێن بەشەکانی ترکەمتر دەکەنەوە[٢]. ئەمەشە مەبەستی جۆن ڕاوڵز لە دانانی چەمکی پەردەی غافڵانە (Aviel of egnorance) کەسي دابەشکار لە کاتێکدا نازانێت پێگەی خۆی چیە و کام پشکەی بەردەکەوێت، ئەوا پشکە خوارترینەکان زۆرتر دەکات لەبەر ئەوەی بە پێی تیۆریای ئەگەرەکان، ئەگەری ئەوە هەیە ئەو بەشانەی خوارەوەی بەر بکەوێت(تحسين حمەغریب، فیلسوف العدالة، ص٤١). ئەمەیە نهێنی ئەوەی سیستەمی موچەی هەرێم بە شێوەیەکە مووچە باڵاکان بەرز و مووچەکانی خوارەوە نزم یاخود بێ مووچەن، هەروەک دەسەڵاتی سیاسی دەسەڵاتی زۆرتر و هاوڵاتیان دەسەڵاتیان یاخود نییە، یان ئێجگار کەمە، چونکە ئەم مەرجە نەهاتووەتە دی. هەروەها مەرجی پاش گرێبەست کە بریتییە لە مەعقولیەت واتە دابەشکاریەکە هەم عەقڵانی و هەمیش ئەخلاقی بێت بە جۆرێک ئەوانەی بەشداریان تێدا نەکردوە یاخود دواتر دێن شایەتی ئەوە بدەن کەعەقڵانی و ئەخلاقیە،(احمد واعظی، ص57) بۆ نمونە نەوەکانی دواتر یاخود دەوڵەت و شارەزاکانی مرۆڤایەتی شایەتی ئەوە بۆ پرۆژەی دەستوری هەرێم بدەن[٣].

٨-پەیوەندی بە میتۆد و شێوازی کارکردنی تیۆریاکەوە هەیە، چونکە لە راستیدا سێ جۆر ستایل و میتۆد لە دادپەروەریی دابەشکاریدا بوونیان هەیە:میتۆدێک تەنها بە شتی دابەشکراو دەبەستێت، بێ ئەوەی هیچ حسێبێک بۆ جیاوازیە کەسی و شایستەییەکانی تاکەکان بکات(رابرت ال هولمز،مبانی فلسفه اخلاق، ص٢٩٤)، واتە بەیەکسانی دابەشکردنی پشکەکانی بەلاوە گرنگە، نمونەی ئەمە دابەشکردنی بەشە خۆراکی هاوڵاتیانە لە لایەنی وەزارەتی بازرگانی عێراقەوە (ئەوەی بە بایەعیەکە ناسراوە) وەک یەک بێ ئەوەی گەورەو بچووکی مرۆڤەکان و کەم خۆری و زۆر خۆری و یاخود باری کۆمەڵایەتی  کەسەکە لەبەرچاو بگرێت(تحسين حمەغریب، فیلسوف العدالة،ص١١٩).

شیوازی دووەم بریتییە لەو شێوازەی کە شایستەیی کەسەکە لەبەرچاو دەگرێت نەوەک شتە دابەشکراوەکە، ئیدی ئەوەی شایستەی زۆرتر بێت زیاتری دەدرێتێ. بێگومان پێوەری شایستەیەکەش بە گوێرەی حاڵەتەکان و کۆمەڵگەکان جیاوازی هەیە،(هەمان سەرچاوە ل١١٩) بۆ نمونە لە سیستەمی مووچەدا ئەوەی خزمەتی زۆرتر بێتیاخود خەباتی شاخی  هەبێتیاخود بنەماڵەی شەهید بێت، مووچەکان و هەلەکان بۆی زێترن[٤].

شێوازی سێیەم بریتییە لەو شێوازەی کە جۆن ڕاوڵز ناوی دەنێت میتۆدی شێوازیانە(المنهجية الاسلوبية) کە ئەو خۆی بانگەشە دەکات تیۆریاکەی ئەو بەم میتۆدە کاردەکات  هەر ئەم شێوازەشە رەوایی و ئینساف دەداتە تیۆریاکە، هەر بۆیەش  تیۆریاکەی بە تیۆریای دادپەروەری وەک ئینساف justice ass a) (fairnessدەناسێنێت ئەم میتۆدە نە پشت بە شتی دابەشکراو و نەبە شایستەیی کەسەکانیش دەبەستێت لە دابەشکردنەکەیدا، بەڵکو شێوازێکی عادیلانە دادەنێت ئیدی شتەکان و کەسەکانیش دەچنە ناو میتۆدەکەوە نەوەک ئەوان پێوەر بن(هەمان سەرچاوە، ل٢٩٩).

هەنوکە لە تیۆریاکانی دابەشکاریدا ئەم ستایلەی سێیەم رەچاو دەکرێت[٥]. ئێمەش لە پشتبەستن بەم  ستایلە بۆ پرۆژەیاسای هەرێمی کوردستان چەندین دەستکەوتمان دەبێت لەوانە:

أ-ئەم میتۆدە میتۆدێک نییە کە بۆیەکجار بێت و بڕێتەوە بەڵکو بەردەوام دەرەنجامی نوێ دەدات، ئەمەش وا دەکات هەم دەستوورەکە، دەستوری نەرم (الدستور المرن) بێت و هەر دەقێک لە دەستوورەکە دەرکەوت پێچەوانە دێتەوە لە تەک بنەما و چەمکە سەرەکیەکانی تیۆریاکەدا دەستکاری بکرێت(تعديل) بکرێت.

ب- لە وڵاتدا بەردەوام کاڵا و شتی نوێ دەدۆزرێتەوە، نابێت پشت بە تیۆریا و شێوازێک و تەنانەت دەستورێک ببەستین کەیەک جار و بۆ هەمیشە دابەشکاری کاڵا گشتیەکان بکات. بێجگە لەوەی نەوەی نوێ لە دایک دەبن ئیدی مانای شایستەیی مانای جیاواز پەیدا دەکات، بۆ نمونە لە ناو نەوەی نوێدا ناشێت خەباتی شاخ بکرێتە بنەمای دابەشکاری، بۆیە پێویستە میتۆدێک بەکاربەرین نەک هەر

شتەکان و شایستەیی بەڵکو هەلەکان و تواناکان و داهێنانە نوێکان لەبەرچاو بگرێت بتوانێت لەگەڵئەم دۆخە نوێیەدا بێتەوە، ئەمەش لەوەی دەوترێت دەبێت دەستوور پیشکەوتوو وگونجاو بێت لەگەڵ دۆخە نوێیەکەدا (دکتۆر نوری تاڵەبانی، ل٦).

ج- یەکێک لە دیارترین دەرەنجامەکانی ئەم میتۆدە توانای فرە رەگەزی و فرە سەرچاوەیی و فرە بەهایی بگرە توانای کۆکردنەوەی بەها جیاوازەکانی وەک ئازادی ویەکسانییە کە هەر کام لە قوتابخانەو تیۆریاکانی دیکە تەنها پشت بەیەکێک لەوان دەبەستێت. بۆ نمونە رووگەی سۆشیالیستی تەنها پشت بەیەکسانی و لەویشەوە عادیلانە دابەشکردنی کاڵا ئابووریەکان دەکاتە بنەما. ئەمە لە کاتێکدا رووگەی سەرمایەداری و لیبراڵ تەنها پشت بە چەمکی ئازادی و لەویشەوە ئازادی بازار و دەبەستێت بێگومان ئەمەش (وەک زانراوە) جێکەوتی گەورەی لەسەر سیستەمی یاسایی والاّ دەبێت، بۆ نمونە ئەگەر سیستەمی سۆشیالیستی بوو ئەوا ڕێسای اساییە فەرماندەرەکان(القواعد الآمرة) فراوانتر و ئەگەر سەرمایەداریش بوو ئەوا ڕێسایاساییە تەواوکارەکان(القواعد القانونية المكملة) زۆرتر دەبن،(الدكتورسعيد عبدالكريم مبارك، ص241) خۆ ئەگەر سیستەمەکە(دەستوور) توانی هەردووکیان کۆبکاتەوە ئەوا بە دڵنیاییەوە هاوسەنگی لە نێوان هەردوو جۆرە ڕێسا یاساییەکاندا (فەرماندەر و تەواوکار) دروست دەبێت، ئەمە بێجگە لەوەی شێوازی میتۆدی توانای گرتنە خۆی رووگە و رێباز و بابەتی نوێی دەبن کە دوو شێوازەکەی دیکە ئەو توانایەیان نییە.

هەمو ئەو خاڵانەی سەرەوە پێمان دەڵێن کە تیۆریاکەی جۆن ڕاوڵزبۆ دادپەروەری لە تیۆریاکانی دیکەی دادپەروەری گونجاوترە تا بەسەر پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستاندا پراکتیک بکرێت، بەو مانایەی هەم تەفسیر و ڕونکردنەوەی پرۆژەکەی پێبکرێت، هەمیش رەخنە لە پرۆژەکەی پێبگیرێت. ئەمەش ئەو کارەیە کە لە مەبەستی داهاتوودا پێی هەڵدەستین.

**مەبەستی سێیەم**

**جێبەجێکردنی چەمکەکان بەسەر ڕێساکانی دەستوری هەرێمی کوردستاندا**

بۆ ئەوەی گرنگی جێبەجێکردنی چەمکەکانی تیۆریاکەی جۆن ڕاوڵزبەسەر پرۆژە دەستوری هەرێمی کوردستان دەربکەوێت کە لە باسی یەکەمدا لە پێنج چەمکی سەرەکیدا کۆمان کردنەوە-دوو بنەماکەی دادپەروەری و گرێبەست لە دۆخی بنەڕەتیدا و لە پشتی پەردەی غافلانەوە و پاشان ماقووڵ بوون، پێویستە سێ تێبینی بنەڕەتی بخەینەڕوو:

١-نووسینەوەی دەستوری هەرێم دابڕاو نییە لە قۆناغی پێش نووسینەوە، بەو مانایەی ئەگەر کایەکانی کۆمەڵگە پێشگرێبەستی کۆمەڵایەتی(دەرکردنی دەستوور) ئەوەی ڕاوڵز ناوی دەنێت(دۆخی بنەڕەتی) و هەرکام لە لۆک و هۆبز و کانت بە گوتەی جیاواز ناوی دەبەن، ئەو دۆخەی گرێبەستەکەی تێدا ئەنجام دەدرێت، ئەوا ئەگەرچی لەرووکەشدا گرێبەستەکە زۆر عادیلانەش دەربکەوێت، ئەوا بە دڵنیاییەوە دەقەکانی ناو دەستوورەکە ناتوانن رۆڵی عادیلانەی خۆیان ببینن. لەناو فەیلەسوفەکانی سەردەمی نوێدا مارکس لە هەمویان باشتر ئەم بابەتەی ڕونکردۆتەوە کاتێک دەڵێت دەستکاری کردنی سەرخان بێ دۆزینەوەی ریشەی بابەتەکە لە ژێرخاندا هیچ مانایەکی نابێت[٦].

بۆ نمونە کاتێک دەوترێت سەرۆک وەزیران لەبەردەم پەرلەماندا بەرپرسیارە (پرۆژەکە ماددەی (٧٣)یاخودسەرۆکی هەرێم تۆمەتبار دەکرێت لەلایەن پەرلەمانەوە، (پرۆژەکە ماددەی٦٢) کاتێک لە دەرەوەی دەقەکان هەمو توانا و ئیمکانیاتە گرنگەکانی کۆمەڵگە لە دەست ئەو کەسەدا یاخود کەسێکی نزیکی ئەو کەسەدایە ئەوا ئەو بەرپرسیاری و تۆمەتبارکردنە هەرگیز ڕونادات یاخود دەرەنجامی نابێت. تۆ وا دابنێ لە فەرمانگەیەکدا بڕیاری دەدرێت فەرمانبەرە نایابەکان بنێرن بۆدەرەوەی وڵات ئەمە کارێکی عادیلانەیە لە رووکەشدا بەڵام بە کارێکی ناعادیلانە دادەنرێت کاتێک پێشتر دیاریکرابێ کێ پلەی نایابی پێدرابێت (جان راولز عدالت به مثابه انصاف، ص٢٩).

٢- مادەکانی ناو دەستوور بابەتی یەکتر تەواوکەرن، کاتێک دەستکاری هەندێکیان دەکرێت جێکەوتی لەسەر مادەکانی دیکە دەبێت. بۆ نمونە دوای دەرکردنی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە و هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم لە لایەن پەرلەمانەوە دەبێت زۆرێک لە ماددەکانی ناو پرۆژە دەستوورەکە بگۆرێن[٧] لە راستیدا ئەمە وەک خشتەی لێکدانە، کاتێک یەکێک لە ژمارەکان دەگۆری ژمارەکان و دەرەنجامەکەش گۆڕانی بەسەردا دێت. هەروەها ئەو بەش و ماددانەی دەستوور بەستراونەتەوە بە کۆمەڵێک ماددە لە دەستوری عێراقدا کاتێک ئەو ماددانە لە دەستوری عێراقدا بە ڕێگەی خۆیان گۆڕانکاریان بەسەردا دێت[٨]، ئەوا بە دڵنیاییەوە دەستوورەکەی هەرێمیش گۆڕانکاری بەسەردا دێت. بۆیە جێبەجێکردنی تیۆریاکە بەسەر دەستوری هەرێمدا بە تەواوەتی سەرکەوتوو نابێت.

٣-دیاریکردنی چەمکە سەرەکیەکانی تیۆریاکە و جێبەجێکردنیان مانای گرنگ نەبوونی بەشەکانی دیکەی تیۆریاکە نییە، چونکە لە بابەتێکی وەک دادپەروەریدا، دادپەروەری لە بابەتە وردترەکاندا هیچی کەمتر نییە لە باسی دادپەروەری لە کۆی پرۆسەکە و هێڵە گشتیەکانیدا. هەر لەبەرئەوەش کاتێک جەخت لەسەر پێنج چەمکە بنەڕەتیەکە دەکەینەوە ئەوە مانای گرنگ نەبوونی بەشەکانی دیکە نییە کە ڕاوڵز پشتی بە چەندین کایەی زانستی بەستووە بۆ دەرهێنانیان. بۆنمونە ئەوەی کە دەڵێت: (مرۆڤ کەمێکی مسۆگەری پێباشترە تا زۆرێکی ریسکاوی) ئەمە بناغەیەکی عەقڵانی نییە، بەڵکو ئەوە ڕێسایەکە لە سایکۆلۆجیاوە دەریهێناوە و لە تیۆریاکەشدا زۆر پشتی پێبەستووە.(جان راولز، عدالت به مثابه انصاف،ص١٢٤) هەروەک کاتێک دەڵێین جێبەجێکردنی چەمکە بنەڕەتیەکانی ناو تیۆریاکە مانای جێبەجیکردنیان نییە بەسەریەک بەیەکی ماددەکاندا، یاخود هەمو ئەو ماددانەی کە دەشێت بەسەریاندا جێبەجێ بن، چونکە ئەوە ئەگەر شیمانەی بوونیشی هەبێت، ئەوا لە دەرەوەی توانا و سنووری بابەتێکی وەک ئەم بابەتەوەیە.

**یەکەم: چەمکی گرێبەست:**

ڕێکەوتنی مرۆڤە یەکسان و بەرامبەرەکان لە دۆخی بنەڕەتیدا، لە راستیدا ئەمە ڕێکەوتن نییە لەسەر کۆتایی پێهێنان و بەشەڕ و بەربەڕیەت، بەڵکو سەرەتای دروستکردنی کۆمەڵگەی سیاسی ویاساییە، لێرەدا دۆخی گرێبەستەکە و حاڵی بەشداربووان پێش گرێبەستەکە لە خودی کردەکە گرنگترە. لە پێش هەمویانەوە متمانە بە بەشداربووان کە مەخلوقی ژیرن هەم تێدەگەن و هەمیش بە پشتبەستن بە خۆیان توانای هەڵبژاردنیان هەیە (نەوەک نوێنەرەکانیان ئەو کارەیان بۆ ئەنجام بدەن). بۆ ئەمەش هەم نابێت شتێکی ناچارکەرانە هەبێت وەک تۆبزی ماددی یاخود ناچارکردنی مەعنەوی(٩). هەروەها زانیاری تەواویان لەسەر بابەتەکە ببێت، گرنگترین بابەتیش لەم نێوانەدا بریتییە لەوەی ناوەڕۆکی دەستوورەکە ببێتە بابەتی گفتوگۆ لە ناو فەزای گشتیدا و هەموان بە گرنگی پێدانەوە بەشداری تێدا بکەن، هەر ئەمەشە مەبەستی فەیلەسوفی ئەڵمانی(هابرماس) کاتێک دەڵێت: دادپەروەری واتە گفتوگۆ. چونکە پێشگریمانەی جۆن ڕاوڵز بۆ ئەو کۆمەڵگەیەی تیۆریاکەی تێدا جێبەجێ دەبێت بریتییە لەوەی دەبێت مەبەستیانە هاوکارین دەربارەی بابەتە گشتیەکان(هەمان سەرچاوە، ل٢٧). بۆ ئامادەکردنی پرۆژەکەش لەم خاڵەدا زۆر کەموکوڕی تێدا بووەو

ئامادەکارانی پرۆژەکە تەنانەت پێچەوانەی بڕیاری پەرلەمان جولاونەتەوەو ئەمەش وایکردووە یەکێک لە ئامادەکاران دەست لەکاری ئامادەکردنەکە بکێشێتەوە(دوکتۆر نوری تاڵەبانی، ل٩٠). ئومێد وایە پێش ئەوەی ڕەشنووسەکە بخرێتە دەنگدانەوە لە فەزای گشتیدا قسەوباسی زۆری لەسەر بکرێت و بابەتەکانی بە تەواوەتی بگەن و لای هەموان ڕون بن.

دوای ئامادەکردنیشي ڕەشنووسەکە، ئەگەرچی ئەوەی دەستوورەکە لەرێگەی گشتپرسیەوە تا ڕادەیەک ئەم خاڵە دەهێنێتە دی،(پرۆژەکە، مادەی١١٨) بەڵام لە دوو ڕووەوە کەموکوڕی تێدایە::

ا- ئەو پرەنسیبەی کە دەڵێت: ئەوەی مافی پێدانی شتێکی هەیە هەر هەمان کەس مافی وەرگرتنەوەشی هەیە. هەر لێرەوە ئەو ڕێسایانەی باسی دەستکاریکردنی ریشەیی دەستوورەکە دەکەن لەبەرئەوەی لەبنەڕەتدا لە ڕێی گشتپرسیەوە دانراون، دەی دەبێت تەنها لە ڕێگەی گشتپرسیشەوە دەستکاری بکرێن[٩].چونکە بنەمای ئەو ڕێسایانە گرێبەستە لە دۆخی بنەڕەتیدا، کە دۆخێکە مرۆڤە ئازاد و بەرامبەرەکان بڕیاری تێدا دەدەن بە بێ کۆت و ڕێگر تەنانەت ڕێگری ئەوەش کە دەبێت لە ڕێگەی نوێنەرەکانیانەوە بێت.

ب-ئەو هەمو ڕێکخستنانەی بەیاسا ئەنجام دەدرێن لە پرۆژەکە هاتوون وا دەکەن زۆرتر پرۆژەکەئ امرازی دەستی پەرلەمان بێت بۆ داڕشتنی ماددەکانی بەو شێوەیەی کە پەرلەمان دەیەوێت زێتر لەوەی دەستورێکی دەنگ لەسەردراو بێت لە لایەن گەلەوە[١٠].

**دووەم: چەمکی پەردەی غافڵانە:**

ئەم چەمکە ئەوە دەخوازێت کە بەشداربووان لە پشت پەردەوە هەڵسن بە دابەشکردنی پشکەکان، واتە هیچکام لەوان نەزانێت حەز و پەیوەستیەکانی چین و چ پێگەیەکی کۆمەڵایەتی هەیە؟ هەروەک دەبێت نەزانێت کام پشکەی بەردەکەوێت!.ئەو کاتە هەوڵدەدات ڕێژە و چەندێتی پشکەکانی خوارەوە زیاد بکات و چەندێتی پشکەکانی سەرەوەش کەم بکاتەوە، چونکە ئەگەری ئەوە دادەنێت ئەو پشکانەی خوارەوە بەر ئەو بکەون. هەر لێرەوەبە گوێرەی ئەمە هەمو ئەو مادانەی کەتێیاندا لایەن و کەسەکان خۆیانن بووجەی خۆیان دیاری دەکەن پێچەوانەی دادپەروەرین، چونکە دەزانن کە بۆخۆیانە ئیدی بەشەکەی خۆیان زێتر دەکەن، یاخود لەتەک ئەوانی دیکە ڕێکدەکەون کە ئەمان بۆ ئەوان دەنگ بدەن و ئەوانیش پشکەکانی ئەمان زۆرتر بکەن، بەتایبەت ئەو ماددانەی کە باسی بوجەی هەرێم و بەشەکانی دەکان لە چوارچێوەیدەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی وەزیران و دانپێدانانی لە لایەن پەرلەمانەوە(پرۆژەکە، ماددەکانی٥٣، ٥١، ٦٦، ٧٤، ٩٩، ١١٢)

یاخود لەبەرچاوگرتنی کەسەکان بۆ هەرکام لە پێگەو پۆستەکانی دواتر دارشتنی ماددەکان و دەسەڵاتەکانی بە گوێرەی ئەوە پێچەوانەی ئەم بابەتەیە، واتە دەزانرێت کەسەکە کێیە مادەکان بۆ ئەو دادەنرێن، یاني کالا بە گوێرەی باڵا دەبێت ئەو کاتە دابەشبوون و دسەلاتەکان لە پشت پەردەی غافڵانەوە نابن. سەیری ماددەکانی تایبەت بە سەرۆکی هەرێم بکە و ئەو هەمو گێرمەو کێشەیەی لە هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم لە ڕێگەی گەلەوە یاخود پەرلەمانەوە ڕوویدا و هەنوکەش دەبێت هەمو ئەو مادانەی تایبەتن بەو بابەتەوە پوچەڵبکرێنەوە یاخود دەستکاری بکرێن (پرۆژەکە، ماددەکانی٦٠-٦٨). لە کاتێکدا لەبەرئەوەی هەرێم بەشێکە لە دەوڵەتێکی فیدراڵی دەشێت هەر لەبنەڕەتدا سەرۆکی نەبێت و دەسەڵاتەکانی لای پۆستەکانی دیکەی وەک سەرۆک وەزیران بێت. ئەو هەمو بوجەو ئەرکە مادیانەی خستۆتە سەر بوجەی هەرێم، وەک بوجە و دەسەڵاتی خەرجکردن ئەو کات هیچیان نەدەبوون.بەڵام لەبەر ئەوەی لە پشتی پەردەی غافڵانەوە نەبوون. بە ئاگابوون لە دیاربوونیکەس و پێگەی سیاسی بابەتەکە بە سیاسی کران و کێشەی زۆریان لێکەوتەوە پێش ئەوەی دەنگیش لەسەر پرۆژەکە بدرێت

سێیەم: بنەمای یەکەم لە دوو بنەماکەی دادپەروەری:کە ئەویش بنەمای ئازادی بەشداربووانە لە گرێبەستەکەدا:

ئەمەش دیوی لیبراڵی تیۆریاکەی جۆن ڕاوڵزو ئازاد و بەرامبەربوونی تاکەکانە، کە بەشێکی گرنگی تیۆریاکەی جۆن ڕاوڵزە لە هەمو قۆناغەکانیدا هەم ویستی تەواو و هەمیش زانیاری تەواویشیان دەربارەی ناوەڕۆکی گرێبەستەکە بێت و بۆ ئەوەی هەم نەزانی کەس بەکار نەیەت و هەمیش ئیرادەو ویستی کەسیش لەکەدار نەبێت.

بنەڕەتی بەستنەوەی تیۆریاکەش بە فەلسەفەی کانتەوە لەم خاڵەدایە، چونکە مرۆڤ لای کانت ئامانجەو نابێت لە هیچ حاڵەتێکدا وەک ئامراز مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت(احمد، واعظی، نقد و بررسی نظریەهای عدالت، ص١٧٣.)

ئازادی مرۆڤەکان نابێت سنووردار بکرێت ئەگەرنا مرۆڤ لە مرۆڤ بوون دەکەوێت. دەشێت بووترێت پرۆژەکە لەم ڕووەوە چەندین کەموکوڕی هەن لەوانەش:

١-ڕێکخستنەیاساییەکانی ناو مادەکانی تایبەت بەیاساکان، کە بە زۆرینە ئەویاسایانە دادەڕێژرێن و ئەمەش وا دەکات دیکتاتۆریەتی زۆرینە مافی تاک و کەمینە پێشێل بکات، یان ئەگەری پێشێلکردنی هەبێت، ئەو دەمە مافەبنەڕەتیەکانی تاک و تاک وەک ئامانج سەیر بکرێت لە دەستوورەکەدا ڕەچاو نەکرێن.

٢-پێشکەشکردنی پرۆژە یاساو مافی پێشنیازکرنی یاسا تەنها لە لایەن(١٠) لە ئەندام پەرلەمانەوە،(پرۆژەکە ماددەی٥٠ ب٢) لەکاتێکدا ژمارەی پەرلەمانتارەکان زۆر کەمەو لە کاتێکدا کە لە دەستوری عیراقیدا بە نزیککراوی ژمارەی پەرلەمانتارەکان سێ بەرامبەری هەرێمە و بە هەمان ژمارە پێشنیازی یاسا بکەن (دەستوری عێراق، ماددەی٦٠) وا دەردەکەوێت کە کێشی نوێنەری گەل لە پرۆژەکەی هەرێمدا کەمتر بێت و وایکردوە هەم کەمینەکان و هەمیش حیزبە بچوکەکان نەتوانن ئەو پێشنیازە بکەن. بێجگە لەوەی هەم حکومەت(پرۆژەکە،ماددەی ٧٤، ب٤) ماددەی و هەمیش سەرۆکی هەرێم(پرۆژەکە، ماددەی٦٥) توانای ئەو پێشنیازەیان بێت ئەوە مانای ئەوەیە ئەو کەسانەی لەپەرلەمانەوە هەڵدەبژێردرێن دەسەڵاتی یاسادانانیان بەرامبەر بە نوێنەری نزیکەی دەیەکی گەل دەبێت.

چوارەم : بنەمای دووەم کە بریتییە لەوەی نایەکسانییە حەتمیەکان وا رووگە پێبدرێن بە قازانجی بێبەشەکان بن:

پێشتر ئەو ئەنجامەمان گرت کە ئەم بنەمایە لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە هەرگیز مومکین نییەیەکسانی ڕەها لەناو کۆمەڵگەدا بوونی هەبێت، کەوا بێت ئەگەر نا یەکسانی بێگومان و حەتمی بێت، دەی دەبێت ئەو نا یەکسانییە بە قازانجی ئەوانە بێت کە بێبەشن و بێگومان ئەم بابەتە تەنها پەیوەندی بە لایەنە ئابووریەکەوە نییە، بەڵکو بابەتەکانی دیکەی وەک بەشداری سیاسی و دەستخستنی زانیاریش دەگرێتەوە. لەم ڕووەوە پرۆژەکە هەم خاڵی ئەرێنی و چاک و هەمیش خاڵی نەرێنی تێدایە.

لە خاڵە ئەرێنییەکانی دانانی ڕێژەی لە (٣٠%) ئەندامانی پەرلەمانە بۆ ژنان. ئەمەش جیاکارییەکی ئەرێنی چاکەو شکاندنەوەی نا یەکسانییە بە قازانجی بێبەشەکان کە پێشتر هەلي یەکسان بۆ بەشداری سیاسی لە نێوان هەردوو رەگەزدا نەبووە، (پرۆژەکە، ماددەی، ٤١، ب٢).

بەڵام لە دیوە نەرێنی و نەهێنانەدی ئەم بنەمایە لە پرۆژەکەدا: دارشتنی ئابووری هەرێمە لەسەر بنەمای ئازادی بازار و بێ کۆتی ئەوەیکە دەبێت ئەو ئازادیە بە قازانجی بێبەشەکان بشکێتەوە. هەروەها لە ماددەکانی تایبەت بە سامانە سروشتیەکانی هەرێم و عیراق و نەوت و غاز و بوجەش ئەم پرەنسیبە بە مەرج نەگیراوە. بۆیە لەناو هەرێمدا شکاف و دووری نێوان توێژەکانی ناو خەڵک زۆرتر دەبێت و جیاوازی چینایەتی هەرچی زیاد و زیاتر دەبێت( پرۆژەکە، ماددەکانی١٥ و١٧ و٧٤).

پێنجەم: چەمکی ماقوڵیەت(کۆبوونەوەی عەقڵ و ئەخلاق):

ئەم چەمکە بۆ ئەو کەسانەیە لە گرێبەستەکەدا بەشدار نین، جا خەڵکی کۆمەڵگەکانی دیکە بن یاخود نەوەکانی داهاتوو بن. دەبێت هەردوو لایەنەکە چ ئەوانەی ئێستا هەن و بەشدار نین، یاخود ئەوانەی نین لە داهاتوودا دەبن، کارەکە بۆیان هەم عەقڵانی و هەمیش ئەخلاقی بێت پێکەوە: ئەمان پێیان کارێکی عادیلانە بێت و ئەوانیش بێجگە لە عادیلانەبوونی پرۆسەکە بەڵکو هەست بکەن بەشی ئەوانیش پارێزراوە.

سەبارەت بەوەی یەکەم ئازادبوون و نهێنی بوونی هەڵبژاردنەکەو رەچاوکردنی دیموکراسی و مافی مرۆڤ تا رادەیەک پیشکەوتووبوونی پرۆژەکە و گونجاوی لەگەڵ سەردەمدا مسۆگەر دەکات(پرۆژەکە، ماددەکانی١ و٣ و١٨ و١٩ و ٢٠ و ٢١ و ٣١، ٣٢، ٣٣ تا ماددەی ٣٨، ماددەی١١٨)،ئەگەرچی نەبوونی زانیاری تەواو لەسەر ناوەرۆک و نەرەخساندنی هەلی گفتوگۆ لەسەر بابەتەکانی وا دەکات ئەوانەی بەشداری پرۆسەکە دەکەن بەشداریەکی ناعەقڵانی و تەنانەت ناعادیلانەیان بێت، چونکە وایان لێدەکرێت لەسەر شتێک بڕیار بدەن کە لە راستیدا نازانن چیە.

سەبارەت بە گروپی دووەمیش دەشێت ئەوە بووترێت رەچاوکردنی مافی ئەوان و مامەڵەکردن لە تەک نیشتمان و ئیمکانییەتەکانی بە جۆرێک کە مافی ئەوانیش دابین بکات کەمترین ئامادەیی لە پرۆژەکەدا هەیەو ئەوەش کە هەیە تەمومژاوی وناڕوونە. بۆ نمونە باسی تێکنەدانی ژینگە و بە هەدەرنەدانی سامانی وڵات و هەڵگرتنی دەسکەوت و سامانی وڵات بۆ نەوەکانی داهاتوو لە پرۆژەکەدا بە وردی مامەڵەی لەگەڵدا نەکراوە (پرۆژەکە، ماددەکانی، ماددەکانی ١٦ و ١٧).

**پاشمەند**

## دەرەنجام و پێشنیاز

### یەکەم: دەرەنجامەکان:

١-ئەگەر هەمو سیستەمێکی حوکمداری و دەستورێک پێویستی بە تیۆرییەکی دادپەروەری بێت کە هاوڵاتیان لەسەری کۆدەنگیان هەبێت بۆ ئەوەی ببێتە پێوەر و شەرعیەتی یاسایی و سیاسی خۆی لێوەربگرێت، ئەوا تیۆریای جۆن راوڵز بۆ دادپەروەری گونجاوترین تیۆرییە کە لە دانان و تەفسیری دەستوری هەرێمی کوردستاندا پشتی پێببەسترێت.

٢-لە تیۆریای جۆن راوڵز بۆ دادپەروەریدا پێنج چەمکی سەرەکی هەن کە بونیادی سەرەکی تیۆریاکە پێکدەهێنن، بوونی ئەو چەمکانە لە هەر دەزگایەکی گشتیدا مانای عادیلانەبوونی ئەو دەزگایەیە.

٣-چەمکە بنەڕەتیەکانی تیۆریای جۆن راوڵز بۆ دادپەروەری بریتین لە: (گرێبەست) لە دۆخی بنەڕەتی و لە (پشت پەردەی غافڵانە) و لەلایەن مرۆڤانێکی (ئازاد) و (یەکسان)ەوە، بە جۆرێک ئەوانەی لەوێنین شایەتی ئەوە بدەن کە ئەو گرێبەستە هەم (عەقڵانی) و هەمیش(ئەخلاقی)بووە، ئەمەش جۆن راوڵز ناوی دەنێت (ماقوڵیەت)واتەکۆبوونەوی (عەقڵ) و(ئەخلاق).

٤- بابەتی سەرەکی تیۆریاکەی جۆن راوڵز دادپەروەریی دەزگا گشتیەکانە، لەبەرئەوەش دەزگا دەستورەکان (لەوانەش نووسینەوەی دەستوور) دەزگای گشتین، ئەمەش وا دەکات تیۆریاکە زۆر گونجاوبێت بۆ جێبەجێکردنی بەسەر پرۆژە دەستوری هەرێمی کوردستاندا.

٤-بە جێبەجێکردنی تیۆریاکە بەسەر پرۆژە دەستوری هەرێمی کوردستاندا هەندێک لە چەمکە بنەڕەتییەکانی ئەو تیۆرییە بەشێوەیەکی ئەرێنی دەکەوێتەوە و ئەمەش وادەکات پرۆژەکە بە پرۆژەکەی عادیلانەو پێشکەوتوو و مۆدێرن بێتە ئەژمار. ئەمە لە کاتێکدا  زۆرێک لە مادده و رێساکانی پرۆژەکە پێچەوانە دێنە لەگەڵ چەمکە بنەڕەتیەکانی تیۆریاکەدا و  ئەمەش وا دەکات داوابکرێت پێش راپرسی لەسەر پرۆژەکە ئەو ماددانە هەمواربکرێنەوە.

٥-تیۆریاکەی جۆن راوڵز وەک هەمو تیۆریاکانی دیکەی دادپەروەری، تیۆرییەکی گشتەکیەو ئەگەر رەزامەندیت لەسەری هەبوو دەبێت لەسەر هەموی رەزامندیت هەبێت، ئەگەرنا دەبێت هەموی پێکەوە لێبگەڕێنی، ناکرێت هەندێکی وەربگریو هەندێک رەد بکەیتەوە، ئەمە سەبارەت بەو دەستوورەش کە بەو دەپێورێت بە هەمان شێوەیەیە، لەبەرئەوە تا ئەو ماددانەی ناوپرۆژەکە کە پێچەوانەدێنەوە لەگەڵ چەمکە سەرەکیەکانی تیۆریاکەدا هەموارنەکرێن یان پوچەڵ نەکرێنەوە، نابێت دەنگ لەسەر پرۆژەکە بدرێت.

٦- هەندێک لە لایەنەکانی تیۆریاکەی جۆن راوڵز پەیوەندیان بە قۆناغی پێش گرێبەستەوە هەیە (راپرسی لەسەر پرۆژەی دەستوور) هەتا ئەو قۆناغە باش نەکرێت، ئەوا عادیلانەبوون یاخود عادیلانەنەبوونی دەستوور مانایەکی نابێت، لەوانە ئازاد وبەرامبەرنەبوونی بەشداربووان لە راپرسیەکەدا. نەبوونی زانیاری پێویست لەسەر ناوەڕۆکی پرۆژەکە و گفتوگۆ لەسەرنەکردنی لە فەزای گشتیدا.

٧-بنەما و چەمکە بنەڕەتیەکانی تیۆریای جۆن راوڵزی دواترینن، تەنها بۆ قۆناغێکی دیاریکراو نین، بەڵکو بۆ قۆناغەکانی دواتریشن، بۆیە جێبەجێکردنیان تەنها بۆ کاتی راپرسی نییە، بەڵکو دەبێت بۆ دواتر و تەفسیری دەستوورەکەش لەبەر چاوبگیرێن.

### دووەم: پێشنیازەکان:

١- تیۆریای جۆن راوڵز بۆ دادپەروەری وەک گەورەترین و ناسراوترین تیۆریا لە دادپەروەریدا   زۆرن ئەو وڵاتانەی لە سیستەمی حوکمرانی و دەستوری خۆیاندا پشتیان پێبەستووە. ئێمەش هەم لە سیستەمی حوکم و هەمیش لە نووسینەوەی دەستوری هەرێمدا پشتی پێببەستین.

٢-زۆرێک لەماددەکانی پرۆژە دەستوری هەرێمی کوردستان پێچەوانە دێنەوە لەتەک چەمکە سەرەکیەکانی تیۆریاکەدا دەبێت هەمواربکرێنەوە.

٣-پێشکرێمانەی تیۆریاکەی جۆن راوڵز بوونی کۆمەڵگەی هاوکار و چالاک و خاوەن کلتورە، بۆیە دەبێت جێگەی بابەتە کولتوری و هەماهەنگی و مێژووییەکانی گەلی کوردستان لەناو رەشنووسەکەدا بکرێتەوە.

٤-پێشخستنە بەر راپرسی پرۆژەی هەرێمی کوردستان بخرێتە بەر باس و لێکۆڵینەوەی  شارازایان و گفتوگۆی هاوڵاتیان لە ناو فەزای گشتیدا.

٥-بنەما و چەمکە سەرەکیەکانی تیۆریای جۆن راوڵز بکرێنە بابەتی نووسین ولێکۆڵینەوەو گفتوگۆی هاوڵاتیان تا کۆدەنگی هاوڵاتیانی لەسەر دروست ببێت تا لەم رێگەوە بتوانرێت بکرێتە پێوەی سیستەمی سیاسی ودەستوری وڵات.

٦- جێبەجێکردنی تیۆریای جۆن راوڵز بۆ دادپەروەری سیستەمێکی تەواوە و ئەو دەستوورەش کە پشت بەو تیۆرییە دەبەستێت، دەبێت سیستەمێک تەواو یەکتر

تەواوکەر بێت، بۆیە دەبێت پرۆژە دەستوری هەرێمی کوردستان بە جۆرێک دابرێژرێت لە لایەن هیچ سیستەمێکی دیکەوە گرفتی بۆ دروستنەکرێت، بۆ نمونە هەمو ئەو ماددانەی پرۆژەکە کە پشت بە دەستوری عێراقی دەبەستن و دەبنە مایەی گۆرینی دەستوورەکە پێش گشتپرسی چاک بکرێن.

٧-بە گوێرەی تیۆریای جۆن راولز بۆ دادپەروەری تەنها خەسڵەتی دەزگا گشتیەکان نیبە، بەڵکو بابەتی ئەو دەزگایانەیە، بواری دواخستنیشی تێدا نیبە بۆیە دەبێت هەرچی زووتر دەستوری هەرێمی کوردستان لەگەڵ هێنانەدی مەرجەکانی تیۆریاکە بێتە دی و بوونی دەستوری عادیلانەی هەرێم بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە.

پەراوێزەکان:

1- ئەگەرچی پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان پرۆژەی دەستوورە بۆ نەتەوەیەک کە دەوڵەتی نیبە. لەگەڵ ئەوەشدا پرۆژەیەکی رەق و تەقە و کەمتر رەنگو بۆی فەرهەنگی کوردی و فەلسەفەی ئەو حوکمداریەی کە ئەم نەتەوەیە دەیەوێت تێیدا رەنگی داوەتەوە. ئەمەش وایکردوە هەندێک لە توێژەران وای بۆچوون کە دەستوری عێراق زۆر لە پرۆژەکەی هەرێمی کوردستانیان باشترە، ئەوەی هەیە تەنها پیشاندانی کارەساتەکان و دیوی تراژیدی ژیانی خەڵکی هەرێمی کوردستانە (پێشەکی پرۆژە دەستوری هەرێمی کوردستان، ل٣).بروانە، پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان: رامان و سەرنج و پێشنیار(مێزگردێک سەبارەت بە پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان) ئامادەکردنی: پرۆژەی تیشک، ژمارە ١٥،(٢٠٠٧)ز، چاپی یەکەم، کۆمپانیای چاپ و پەخشی نوسەر.

٢-بروانە تێبینییەکانی دوکتۆر نوری تاڵەبانی لەم رووەوە : بۆ نمونە تێبینی لەسەر مادەی ٦٤ کە بە گوێرەی ئەو مادەیە سەرۆک بۆی هەیە بۆ جاری سێیەم خۆی هەڵبژێرێتەوە.(دوکتۆر نوری تاڵەبانی، ل٣٧) دوکتۆر نوری تاڵەبانی، پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان و رەنجی بیست ساڵە،(٢٠١٥)نوسینگەی تەفسیر بۆ بڵاوکردنەوەو راگەیاندن.

٣-لەم روەوە و لە بابەتی سامانی سروشتی هەرێم دوکتۆر نووری تاڵەبان پێشنیازی جوانی خستۆتەروو (بە مەرجێک رەچاوپیاراستنی بەرژەوەندی نەوەکانی ئێستا ودوارۆژیش بکرێت، دوکتۆر نوری تاڵەبانی ل٢٣)پێشنیازە بۆ (ماددەی١٧).

٤-بۆ نمونە لەبەرچاوگرتنی ئەو بارەی تووشیخەڵکی کوردستان بووە لە کوشتن و سوتاندن(ماددەی٩) لە پرۆژە دەستوری هەرێمی کوردستانو هەردوو ماددەی(١٠٦ و١١٢) لەدەستوری عێراق، هەروەها (ماددەی ٢٣) لە پرۆژەکە.

٥- بەداخەوە لە پرۆژەکەدا چەندین ماددەو برگەی تێدایە کە دەرچوونە لەم شێوازە بۆنمونە دیاریکردنی بری پێنج سەد هەزار بەرمیل نەوت بە لە ماددەی (٧٥) هەروەها ئەو دەسەڵاتە تایبەتمەندانەی بەسەرۆکی هەرێم دراون (برگەکانی ماددەی ٦٥)، یاخود ئەو تایبەتمەندیانەی بە گاز و نەوت دراون لە سەرمایەکاندا(برگەکانی٧ و ٨ و ٩ لە ماددەی ٧٥).

٦-هەر لەبەر ئەوەشە جۆن راولز چەمکی پەردەی غافڵانەی داهێنا لە پێناو پچرانی بەشداربوو لە دابەشکاریەکەدا لەو دۆخەی تێیدایە، تا مەقەست لەو پەیوەندیە بنێت کە بەناو کۆمەڵگەو بوونی پێشتریەوە دەبەستێتەوە.

٧-مادەی (٦١) لە پرۆژەکە، ئەمەش دەستکاریکردنی کۆی پرۆژەکە دەخوازێت نەوەک تەنها مادەیەکی دیاریکراو، هەروەک دوکتۆر نوری تاڵەبانی دەڵێت پرۆژەکەش بە یاساهەموارنەکرێتەوە کەس ناتوانێت دەستکاری بکات (دوکتۆر نوری تاڵەبانی، ل٩)

٨- هەندێک لەو ماددانەی دەستوری عێراق لە پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان ئاماژەیان پێدراوە ئەمانەن(١٢١،١١٥،١١٢،١١٠،١٠٦،١٠٥،١٤٠،)

٩-پێشتر ناوەرۆکی چەمکەکانمان رون کردەوە.

١٠-بۆ نمونە : ماددەکانی( ١١٩،١٢٠،١٢١،٥١،٦٥،٧٧،٨٥،٩١،٩٦،١٠٠،١٠١،١٠٦،١٠٩،٣٤،٢٦ ،١٤،١٣،٢٥).بێگومان زۆربەی رێکخستنەکانیش بە هۆی زۆرینەی رەهای پەرلەمانەوە دەبێت.

**سەرچاوەکان:**

**یەکەم: بە زمانی کوردی**

پەرلەمانی هەرێمی کوردستان –عێراق، پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان –عێراق، پەرلەمانی کوردستانی عێراق لە 2009/6/24، پەسەندی کردووە و لە بەرێوەبەرایەتی کتێبخانە گشتیەکان لە هەولێر ژمارەی سپاردنی (777) لە 2009 دراوەتێ.

پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان: رامان و سەرنج و پێشنیار(مێزگردێک سەبارەت بە پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان) ئامادەکردنی: پرۆژەی تیشک، ژمارە ١٥،(٢٠٠٧)ز، چاپی یەکەم، کۆمپانیای چاپ و پەخشی نووسەر، ل٣٣.

تاڵەبانی، دوکتۆر نوری (٢٠١٥) پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان و رەنجی بیست ساڵە، نوسینگەی تەفسیر بۆ بڵاوکردنەوەو راگەیاندن، ل٦ ،٩٠،٨.

**دووەم: بە زمانی عەرەبی:**

إمام، زكريا بشير (1414هـ -2003م) مفهوم العدالة بين الفكر الإسلامي والفكر الغربي، دار روائع مجدلاوي، عمان أردن، الطبعة الأولى،ص٢٣.

إيليا حريق(2001ا) الديموقراطية و تحديات الحداثة، دار الساقي، الطبعة الأولى،ص٨٦.

حمەغريب، تحسين(2007). (جون راولز فيلسوف العدالة) نظريته في العدالة ونتائج تطبيقها على القانون (القانون الدولي نموذجا)،رۆشنبير للنشر والتوزيع، سليمانية، الطبعة الأولى،ص٦، ١٨-١١٩،٤٣.

حمه غريب، تحسين (2016)، العدالة ونظرياتها ، جامعة التنمية البشرية، سليمانية، ص٩٧..

الشاوي، الدكتور منذر(1414هـ-1994م) ، فلسفة القانون، مطبوعات المجمع العلمي العراقي، بغداد،ص١٠٧.

عبيد، الدكتورعدنان عاجل(2012)، القانون الدستوري( النظرية العامه والنظام الدستوري في العراق، مؤسسه نبراس للطباعه والنشر و التوزيع، النجف الاشرف، الطبعة الثانية ، ص67

مبارك، الدكتور سعيد عبدالكريم(1982) اصول القانون، وزارة التعليم العالي واالبحث العلمي، الطبعة الاولى، ص٢٤١.

**سێیەم بە زمانی فارسی:**

احمد واعظی(1388هـ ش) نقد و بررسی نظریه‌های عدالت، انتشارت مؤسسه آموزشی و پژوهشی إمام خمینی، چاپ نگارش، تهران، چاپ اول، ص، ١٧٤ .

احمد واعظی(1384ه ش) جان راولز از نظریه عدالت تا لیبرالیزم سیاسی، بوستان کتاب، مؤسسەی آموزش عالی بحر العلوم، چاپ اول، ص١١٩.

اسماعیل پرور(1383)ه.ش، گلبانگ عدالت،کتاب بوستان قم، تهیه مرکز پژوهشهای اسلامی صدا و سیما، قم،چاپ اول، ص ٦٧.

آرش نراقی (2015) فلسفەی حقوق ،آموزشکده الکترونیکی (توانا) برای جامعه مدنی ایران، ٢٣ص-٢٥.

بی تلیش، رابرت(1385ه.ش) فلسفه راولز، ترجمە: خشایردیهیی، نام آوران فرهنگ، انتشارات طرح نو، تهران، چاپ اول تابستان،ص٢٤.

بهرام اخوان کاظمی(1384ه ش) بررسی و نقد نظریه عدالت جون راولز، کتاب نقد، فصلنامه انتقادی فکری فرهنگی سال هشتم، شماره سی و هفتم، پژوهشگاه، فرهنگ و اندیشه اسلامی، ص١٥٤.

پنگل، آهرنزدرف(1384 هـ.ش) توماس، پیتر، عدالت در میان ملل، دفتر مطالعات سیاس و بین المللي، تهران، چاپ اول،ص٥٤.

پاتنم هیلری (1385 هـ ش) ، دوگانگی واقعیت/ارزش، ترجمه: فریدون فاطمی،نشر مرکز، تهران چاپ اول،ص١٦.

حسین بشیریه, (1384ش ه) لیبرالیسم و محافظه کاری, نشر نی, چاپ ششم, تهران، ص١١٥.

حسین بشیریه و دیگران،(1383 ه.ش) حقوق بشر ومفاهیم و مساوات __انصاف عدالت، دانشکده حقوق دانش/اهه تهران، چاپ اول، تهران،ص٣٢-٣٤، ٧٤.

دباغ ،سروش، سکوت ومعنا (1387ه.ش) (جستارهایی درفلسفه ویتگنشتاین)، مؤسسەی فرهنگی صراط، تهران، ص٢٣-٢٥.

دهقان، حمید(1384هـ.ش) شمیم عدالت (تحلیل مفهوم عدالت و تأثیر آن بر حقوق کیفری)، مؤسسەی انتشارات رسالت، قم، ص٢٥.

رابرت ال . هولمز(138هـ.ش)مباني فلسفەی اخلاق، ترجمە: مسعود علیا، انتشارات ققنوس، چاپ أول، تهران، ص٢٩٤

ربری نورمن(1389ه.ش) رفاه،ت: محمد رضا فرهادی پور، انتشارات آشیان،تهران، چاپ اول،ص٢٥.

راولز، جان(1383هـ.ش) عدالت به مثابه انصاف، ترجمە: عرفان ثابتی، انتشارات ققنوس، چاپ اول ، تهران، ص١٢٤،٢٩،١٢ .

رابرت بي تليس(1385 هـ.ش)فلسفه راولز، ترجمة: خشايار ديهمی، نام آوران فرهنگ، انتشارات طرح نو، تهران، تابستان ، چاپ اول، ص٢٤-٢٦.

سروش، عبدالکریم (1386 هـ.ش)، أدب قدرت أدب عدالت،مؤسسەی فرهنگی صراط، تهران، چاپ اول، ص ٥٦-٥٩.

سن، أمارتيا(1379ه.ش)،برابری و آزادي،ت:حسن فشارکی، نشر وپژوهش شیرازه، تهران، چاپ اول، ص٣٤-٣٧.

سن، أمارتيا(1377ه.ش)، اندیشه عدالت، ت:احمد عزیزي، نشر ني، تهران، چاپ اول،ص ٣٤-٣٨.

امارتیا سن(1387ه ش)دموکراسی به مثابه جهان شمول،ت: مهدي حجت،مجلەی بازتاب اندیشه،ش66،تهران،ص٣٤ .

شمسینی، غیاثوند، حسن،(1386ه ش)گفتمان عدالت در اندیشه سیاسي غرب، راهبرد شماره 30.

علی معظمی، فیلسوف عدالت درگذشت، روزنامەی (همشهری)، شماره 2916 به تاریخ 2002/21/2.، ص٤.

قربان نیا، ناصر(1380 هـ.ش).عدالت حقوقی،پژوهشگاه فرهنگ و اندیشه اسلامی، تهران، ص٢١-٢٠١،٢٤-٢٠٤.

کاتوزیان،دکترناصر، (1385 هـ.ش)فلسفه حقوق،جلد اول،شرکت سهامی انتشار، تهران، چاپ چهارم، ص١٣١-١٣٧.

محقق داماد سید مصطفی(1348ه ش ).دین فلسفه قانون، انتشارات شهاب وسخن، تهران، ص٢٤٣.

میراحمدی(1384هـ.ش)، منصور، اسلام و دموکراسی مشورتی، نشر نی، تهران، ص٢٢٧.

موحد، محمدعلی(1381هـ.ش) در هوای حق وعدالت، نشر کارنامه، تهران، ص١٣-١٥.

هوفه، اتفرید(1383 هـ.ش) دربارەی عدالت (برداشت‌هایی فلسفی) ترجمە: امیر طبری، نشر اختران، تهران، ص٢٨.

**چوارەم زمانی ئینگلیزی:**

legislation (eds) by J. H burns and H.L.A hart, (Oxford: Oxford University press),p56-32.

Daniels Norman (editor)، (1989)Reading rawls، Stanford University press،p90-98.

Dwokin Ronald، "foundation of libral equality" published in "The 35-36.Tanner lectures on human valves(1990)"، edited by Grethe Peterson,p56-67.

Fridrich, Carl Joachim(1964) the philosophy of law in historical prespective, Chicago, the university press, p23-27.

44.Habermasjurgen، the jurnal of philosophy، no 92، 1995,p90-95.

Rawls John (2000)lectures on the history of moral philosophy، edited by Barbara Herman، Harvard university press, p13.

Rawls John((1993)، 1999)، “political liberalism” Columbia university press، (first publicationp29-31.

Rawls John(1999)، collected papers، edited by Samuel freeman، Harvard University press,14-18.

Reiss Hans، (2001)Kant political writings،Cambridgs University press p98-105.

Rawls John(2000) the law of peoples with the idea of public reason revisited، Harvard university press، fifth printing،inprinted in the United States of America,pp105-106.

Hart, L,A.((1961) 1995)The concept of law.oxford; Clarendon: revisededn ,P43.

Kymlicka Will(1999)، contemporary political philosophy، Clarendon press, p117-128.

John rawls(2000)، “the law of peoples”، Harvard university press، fifth printing, p,99-105.

Malachowski Alan، (1990)reading Rorty،basil Blackwell، p12-16.

MacIntyre, A. (1985) after virtue: a study in moral theory (London: duckworth),p27-28.

Rawls John ((1971) 1999 )“A Theories of justice” oxford university press، (first published،ppppp,vii,xi,14,305,538.

49.Rawls John(2000)، “justice as fairness”، Harvard University press، p99.